# «كولتووری شایی و زەماوەند لە مێژووی کوردەواریدا»

د. حەبیب ئەڵڵای سەلیمی

**پوختە:**

شایی، زەماوەند و هاوسەرگیری، کولتوورێکی کۆنی کوردە کە تەمەنی بە درێژایی مێژووی ئەم گەلەیە. تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە و لێوانلێوە لە زانست و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و وێژە... .

دیارە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی ئەم جۆرە بابەتانە و ناسینی بە بەرەی داهاتوو زۆر پێویستە ، تا بەرەی داهاتوو مێژووی خۆی بناسێت و ئاگادار بێت کە نەتەوە و باوەرەی ئەویش مێژوو و ناسنامەیەکی بەنرخ و ناوازەی هەیە. کلتوورێک کە ئەزموون و زانستی زۆری لە دووتووی خۆیدا حەشار داوە و وشە بە وشەو دێڕبە دێڕی لێوانلێوە لە زانست و ئەزموونی بە نرخ و پڕ بایەخ دیارە هەر لایەنێکی دەتوانێت ئامیان و پاڵپشتێک بێت بۆ زانست و کۆمەڵناسی و وێژە وئەدەب و تیشک خاتە سەر تارمایی و ناڕاستییەکانی دونیای مۆدێڕن و تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونیانکاتەوە.

لەم نووسراوەیەدا جەخت کراوە خاڵەکانی هاوسەرگیری و شایی کە لە کۆنەوە لە نێو گەلی کورددا باو بووە بخرێتە بەرچاو و فەلسەفە و تایبەتمەندییەکانی مێژوویی ئەم کەلەپوور و کولتوورە تا ڕادەیەک شیبکاتە و لەسەری بدوێت.

شێوەی هاوسەرگیری و زەماوەند لە کوردەواریدا ڕەسم و یاسایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە بریتی بوون لە : دڵداری، خوازمێنی بە ماڵ یان بە ژن کە ناوبانگە بە ژن بەژن، خوێ بە ناو کەوش کردن ، ئاو بە ناو کەوش کردن، خۆڵ لە ناو کەوش کردن،تاوەتاکردن کەوش، قەتع و بڕ، شیروایی، شیرینی خوەران، پای زاوا کردنەوە، مارە بڕین، ئیجازەی زەماوەن وەرگرتن ،پاخەسوو هاتن، پیاو پاخەسوو، کوشتودان، سەرساج، خەنەوەنان ،سەرووەسانە، پشت درگانە، برا زاوا، پاخەسووی بووک، قیرو تاج ، سێو خستن بۆ سەر بووک، شاڵ کردنەوەی بووک لە لایەن زاواوە، دەسماڵ راخستن، زەمانە کردن زاوا، زاوا بوون، دەسماڵ سوورکردنی بووک ،پارەی سەر دەسماڵ، بردنەوەی دەسماڵ بۆ ماڵی بابی بووک،سەرکێشی ،باوەخوەنی و هتد..

بێجگە لەو بابەتانەی سەرەوە وشە و واتای کۆڵەوەس و هەنەزاش کە پێوەندي هەیە بە بابەتەکەوە شیکراوەتەوە. ئەم نووسراوەیە بە شێوەی کتێبخانەیی مەیدانی و بەراوەردی لێکدراوەتەوە و دەرئەنجامەکانی پێکهاتوون لە ئەمانەی خوارەوە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

1- ڕەسم و یاسا لە مێژووی کوردەواریدا سەرچاوەیەکی زانستی هەبووە کە بنچینەکەی پڕە لە ئەزموون.
2- هاوسەرگیری یەکێک بووە لە گرنگترین بابەتەکانی ژیان و بایەخێکی زۆری پێدراوە کە پیشاندەری بیر و هزری بیرمەندان و زانایانی کۆنی ئەم گەلەیە.
3- یاساکانی کۆن ئەمرۆش لە ناو خەڵکدا هەر بەردەوامن بەڵام شێوە و سیمایان گۆڕاوە.
4- کەلەپووری کورد زۆر ڕەسەنە و توانای بەرانبەری لەگەڵ کولتووری گەلانی‌تری هەیە.
5- پیاوانی کورد جوامێر بوونە و ڕێزێکی تایبەتیان بۆ کچ و ژن داناوە و وەکوو گەوهەرێکی بەنرخ پاراستوویانە و ڕێزیان بۆ داناوە .

ژنانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوسەرگیریدا ئازاد بوونە و ئەگەر حەزیان لە کەسێک بکردایە بە شێوەگەلی جۆربەجۆر پێیان ڕادەگەیاند ئەڵبەت بۆ بڕێک لەمان نەدەلوا و چارە نووسیان دەگۆڕا.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، زەماوەند، هاوسەرگیري،یاساکان.*

---

پێشەکی:

شایی، زەماوەند و هاوسەرگیری کولتوورێکی کۆنی کوردە کە داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەبووە و تەمەنیشی بە درێژایی مێژووی ئەم گەلەیە. تام و چێژی تایبەتە و زانست و فەلسەفەی پاڵپشتە و لێوانلێوە لە کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانناسی، مێژوو و مەنتیق و وێژە.

لێکۆڵینەو و شرۆڤەی ئەم بابەتانە و ناسینی بە هاوچەرخان و بەرەی داهاتوو پێویستە. زۆربەی وەچەکان لە کوردەواریدا یان لەگەڵ ئەمانە بێگانەن یان ئەگەر ئاشناش بن ئاشناییەتییەکەیان زۆر ناتەواوە. جیا لەمانە زۆربەی هاوچەرخەکان فەلسەفەی داب و نەریتەکانی کۆنی کوردەواری لێیان ونە و بگرە هەر لە بنەڕەتدا بڕوایان پێنەبێت و بە خۆرافە و گاڵتەی بزانن. وەک دەزانین زۆربەی میدیاکان و کتێب و وتارەکانیش جاروبار باس لە داب و نەریتە کۆنەکانی کوردەواری دەکەن بێ ئەوەی باسەکان زانستییانە و ڕیشەیی بن.

بەرەی هاوچەرخ و وەچەکان وا دەزانن ئەم داب و نەریتە دەست و پاگیر و بێ بنەمایە و سەرقاڵ بوون بەمانەوە جیا لە بەفیڕۆودانی تەمەن هیچ سوود و کەڵکێکی نییە. جاروباریش ڕەخنەدەگرن و بیر و بۆچوونی خۆیان بە شێوەگەلی جۆربەجۆر دەردەبڕن. پێیان وایە کە ژنان لە بواری هاوسەرایەتیدا مافیان پێشێل کراوە و لە ژین بێوەری و بێ بەهرەن .ئەگەرچی بیر و بۆچوونەکانیان جێگای ڕێزە و ڕەنگە ڕاستیش بێت،بەڵام نابێت بە بێ لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی تایبەت بێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەر بەم بۆنەوە بە پێویستمان زانی سەبارەت بەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەک زانستیانە و بەدوور لە هەرپێشـداوەرییەک ئەنجـام بـدەین کە هەم داب و نەریـتە ڕەسـەنەکانی کوردەواریمـان جـارێکی تـر زینـدووکردبێتەوە و هەم سـەرەنجی هاوچەرخـان و بەرەی نوێمـان بەرەو دواوە ڕاکێشـابێت. دوایش دەرەنجامەکـانی وتـارەکە و دەسـتکەوتەکانی بـۆ خـوێنەر دەردەخات و ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بەرەی داهاتوو بێت لەم بابەتەدا باس دەکرێت.

## 2-1 پێشینەی لێکۆڵینەوە

ئەوەی ڕاسـتی بێـت سـەبارەت بە شـایی و زەماوەنـد و فولکلـۆر و کەلتـوور ،لەکوردەواریدا لێکۆڵینەوەکان زۆرن، بەڵام ئەو بابەتەی کە لەم وتارەدا لەسەری دەدوێین لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەدا نادیارن و کەم تر باسیان لێکراوە. ئەم نووسراوەیە دەیەوێت زیاتر تیشک بخاتە سەر ئەوشتانەی کە نەوتراون یان نەنووسراون.

ئـامەدکیگریس کە عەبـاس فەرهـادی وتـارەکەی وەرگێـڕاوەتەوە لە بەشـێک بە نێـوی نـامزدی و عروسـی در فرهنـگ کردهائامـاژەی بە شـایی و زەماوەنـد کـردووە، ڕەزا سەرسیفی لە "داب و نەریتـی کوردەواری" لـێ دواوە، محسـن رستمی و مژگان توفیقیان لە گنجینەی اقوام ایران: قوم کرد" باسیان لێکردووە و مەلا مەحموود بایزیدی سەبارەت بەم بابەتە چەند وتارێکی نووسیوە کە لە کتێبخانەی نەتەوەیی وڵاتی ڕووسیادایە ،ئەم نوسخە دەسـت نووسـەکانی لە دونیـای مەجازیـدا بڵاوکـراوەتەوە. جیـا لەم سـەرچاوەگەلە کتێبگەلێکـی دیـکەش دەسـت دەکەوێ کە سـەبارەت بەم بـابەتە نووسـراون کە دەرفەت نەبوو هەموویان لێرەدا نێو ببەین ،میدیاکان ، ڕۆژنامەکان......

## 1-3شێوەی لێکۆلینەوە:

شرۆڤە و شیکردنەوەی ئەم بابەتە بە شێوەی کتێبخانەیی و پرسیار لە شارەزایان و بەساڵاچوان، کۆکراوەتەوە و بە شێوەی گەڕاندنەوەی-لێکدانەوەیی و بەشێوەی لێکدانەوەی واتا و ناوەڕۆک بە ئەنجام گەیشتووە.

## 2) لێکدانەوە:

کچ، ژن، دایک لە کوردەواری جێگەی ڕێزە، ئەوەی کە کوڕ یان پیاو خوازیاری لێ ئەکات و بوو هاوسەرایەتی شەرتەکانی بە جێ دێنێ هێمایی ڕێزداری خاتوون و کچە، باسی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا کە لە دوای هاوسەرگیری کێشە بۆ ژن دروست دەکا، وتاریک تـایبەتی پێویستە،ئەوەی لێـرە بـاس ئەکـرێ شـێوەی هاوسـەرگیری و زەماوەنـد لە کوردەواریدایە کە یاسای تایبەت بە خۆی هەبووە کە دەتوانین بەم بابەتانەی خوارەوە ئاماژە بکەین:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**شێوەکانی هاوسەرگیری:**

**خوازبێنی ژن بە ماڵ**: کوڕ خوازبێنی لە کچ دەکات و هەموو وکەلوپەلی پیویست بۆ زەماوەن و دوای زەماوەن لە ئەستوو ئەوە.

**ژن بە ژن**: ژن بە ژن ئاوایە کە براێک خۆشکی خۆی  یان بابێک کچی خۆی مارە دەکات بوو کوڕێک یان پیاوێکی تر ئەویش کچی خۆی بوو ئەم کوڕە یان ئەم پیاوە مارە دەکات، بەدەگمەن پێش دەهات دایکێک کە شوەکەی مردووە خۆی لە پیاوێک مارە بکات تا ئەویش کچەکەی بوو کوڕەکەی ئەم مارە کات، لەم شێوە هاوسەر گیریە خەرجی زەماوەن هەرکامیان لە ئەستوی خۆیان بوو.

**ژن لە بابەت خۆێن**( فارس وتەنی خون بست): زۆر جار پێش دەهات لە شەڕ یان ڕووداوێکدا کە لە نێوان دوو خێڵ یان دوو عەشیرە پێشدەهات و کەسێک لەم شەڕەدا دەکوژرا بکوژەکە قەساس نەدەکرا بۆ ئەوەی ئەم کینەو کودوورەتە لەناو بچێت و ئاشتی کەوێتە نێوانیان کچێک لە بنەماڵەی بکوژەکە دەدرا بە کوڕێک لە بنەماڵەی کوژراوەکە.

**کچ بە پارە کرین**: جار وا بوو کە بابێک کچەکەی وەکوو کەرەسەیەک دەفرۆشت بە بنەماڵەیەک، یان کەسێک کە دەوڵەمەند بوو بە پارە کچێک جوانی دەکڕی بۆ خۆی یان کوڕەکەی ئەم بابەتە زۆرتر کاتێک ڕووی دەدا کە بنەماڵەی کچە زۆر دەستەنگ و ناتەبا بوو، بەسەرهاتی کابرایی حەجەم و کچەکەی لە پێشەکی کتێبی تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمن ئاماژەیەکە بۆ ئەم بابەتە.

**ناوکەبر**: لە کوردەواریدا باو بوو کاتێک کچێک لە دایک دەبوو ئەگەر دایک و بابی کچە لە نێو خەڵکدا جێگەی ڕێز بوونایە دایکی یەکێک لە کوڕەکانی خزمیان ئەی کوت ئەم کچە بۆ کوڕەکەی من. یان ناوکی ئامۆزا بۆ ئامۆزا یان خاڵۆزا بۆ پوورزا جاریش وا بوو لە کوڕێکی دیکەیان ناوک دەبڕی کە خزمیشیان نەبوو. ئەگەریش کچ بوایە و دایک و بابی کچە کەسایەتی بەشەرم و حەیا و لێهاتوو بوبایەتن ماماکە یان یەکێک لە ژنەکان کە لە لای ماماکە بوون یان هەر ژنێکی تر ناوکی کچەکەیان ئەبڕی بۆ کوڕی خۆیان یان کەس  وکاریان.

**هاوسەرگیری بنەماڵەیی**:زۆربەی بنەماڵەکان حەزیان نەدەکرد بێگانەیەک وەکوو بووک بێتەناو ئەوانەوە و بڕواشیان وابوو، ئەگەر کچەکەمان باشە حەیفە بۆ خەڵک کچی خراپ و ناحەزیشمان عەیبە بوو خەڵک، یان دەیانکوت مارەی ئامۆزا بۆ ئامۆزا لە ئاسمان بڕاوە.

**براژن یان مامۆ ژن مارەکردن**: ئەگەر مێردی ژنە بمردبایە خزمەکانی پێیان ناخۆش بوو ژنەکەی شووکات بە مێردێکی بێگانە هەر بۆیە بۆ برای پیاوەمردووەکە یان برازای مارەیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەکرد.جاریش وابوو کە خزمانی پیاوەکە ئەمەیان بە عەیبە دەزانی و بە ژنەیان دەگوت دەتوانی بڕۆی و شووبکەیت. ڕەنگە لە کۆمەڵگا شێوازگەلی تریش بۆ هاوسەرگیری بووبێت کە لێرەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، توێژەران دەتوانن سەبارەت بەم بابەتە لێکۆڵینەوەی قوڵتر و چڕوپڕتر ئەنجام بدەن.

دڵداری، خوازبێنی بە ماڵ یان ژن بە ژن، دیاری، قەتع وبڕ ،شیرینی خۆران، پای زاوا کردنەوە، مارە بڕین، زەماوەند، سەرکێشی و باوەخوەنی ئەمانە لە بەرچاوترین خاڵەکانی زەماوەن بوون کە لە زۆربەی کوردەواریدا هاوبەشن، ڕەنگە لە شار و شارۆچکەیەک لایەنێکی لە لایەنێکی تر بەرچاوتر یان لاوازتر بووبێت.

### ١) دڵداری:

کورد لە مێژەوە کەلتوورێکی ڕەسەنی هەبووە. منداڵ کە لە دایک دەبوو گوێزەوانەیان بڵاو دەکردەوە و دوای دارەدارە و پێڕەوکە ئاواتیان ئەوە بوو ئەگەر منداڵەکەیان کوڕ بووبایێ بە بەژن و باڵایا گۆرانییان دەگوت:

خوا بیدا نیازم          حەوت ژن و بۆ بخوازم یەکێ بۆ پەڕۆو پینە
یەکێ بۆ بانی سینە
یەکێ دوختەری پاشا          یەکێ تورکی تەماشا
یەکێ بۆ ناز و نووزی          دوانیش بۆ دوخت و دووزی (حسینی1377/89)

هەر لەمنداڵییەوە نەمامی ئەوین و دڵدارییان لە دڵی ساواکەدا دەچاند. دایکان کچەکانیان ئامۆژگاری دەکرد کە پێویستە هۆشیان بە خۆیانەوە ببێت ، زووتر لە کوڕان کراسیان بۆ ئەدوورین و ئەمەیان لە بەرچاو بوو کە کچی ئەمڕۆ دایکی سوبەینێیە. ئەم منداڵانە کەم کەم گەورە دەبوون و لە رووی فیزیولۆژییەوە کچ زووتر لە کوڕ گەشەدەکات و پێدەگات بۆیە لە مێژە دەڵێن کوڕ وەکوو گەنمە و کچ وەکوو جۆ. کچەکان لە ڕێی کانی و بێری و.... خۆیان دەردەخست و کوڕەکانیش گۆرانییان بە باڵایاندا دەگوت و ئاشقیان ئەبوون کە گۆرانییە فولکلۆرەکانمان لێوانلێوە لە شێعر و هەڵبەستی ئەم بابەتانە. مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێوردا دەڵێ: تازە تەمەنم دە بۆ یازدە ساڵ دەڕۆی کیژێکم خۆش دەویست بە بێ ئەوەی هیچ لەلای بدرکێنم و دەپاڵ خۆمدا دەسووتام. پیاو هەق بڵێ ئەو دڵدارییە زۆری دڵنەرم کردم و هەست و بیری ناسکی فێرکردم .دڵدارییێکی زۆر پاک بوو بەرهەمی هەموو گریان و دڵدۆڕاندن لە یەک دوو ماچ تێنەپەڕی و بۆ یەکجاری لێک دیدار ئاخرەت بووین و ئێستاش بەپیری تا وەبیرم دێتەوە ئاخێکی ساردی بەدوادا دەنێرم(شرفکندی1997:44) یان بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ ، بە پیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لە بیر ناچێ(شیخ الاسلامی/بی تا135) ، لە کوردەواریدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەوپەڕی گەیشتنی دوو دڵدار بە یەک لە ماچ کردنێک زیاتر تێپەڕ نەدەبوو و ئەمەش لە کۆمەڵگاکانی تردا کەم تاکورت دەبینرێت. وەک عەرەب دەڵێن:

نائمه قبلتها، فتنبهت

وقالت تعالوا واطلبوا اللص بالحد فقلت لها انی لمستك غاصبا و ما حكموا للغاصب بسوى الرد فارسیش دەڵێ:

بوسه به من دادی و رنجیدەای

بازستان، گر نپسندیدەای(دامادی.345:1379)

کوردیش وتەی هەر دوو شاعێری عەرەب و فارسی لە بەیتێکی فولکلۆردا کۆکردوەتەوە و دەڵێ:

ماچێکت داپێم دوان پەیاپەی

ئەگەر ناڕازیت بینمەو جێگەی خوەی

هەروا کە ئاماژەمان پێکرد لە جێژواندا جگە لە ماچ هیچێکی تر ڕوووینەدەدا چۆن ژن لە کوردەواریدا داوێن پاکە. وشەی زینا لە زمانی کوردیدا نییە کە نیشاندەری ئەوەیە کە داوێن پیسی لە ناویانانەبووە(سەجادی12:1375).

مامۆستا هێمن لە تاریک و ڕووندا دەڵێ: با ئەوەش بڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جار و ئاخرین جار ئاشق بووم، عەشقێکی پرسۆز و بەکوڵ و ئەفلاتوونی، ئەشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، عەشقێکی ساکار و منداڵانە و دوور لە هەوا و هەوەس( شیخ الاسلامی. بی تا.14) عەلائەدین سەجادی لە مەلای جەزیری دەگێڕێتەوە:

مەلا تەمەنی لە سی ساڵیدا لە گوندی"برهان" لە حەسەنکیف، ئەبێ لەو سەردەمەدا یەکێک لە فەقێیەکانی ئیجازە وەردەگرێت، زەماوەند و هەڵپەڕکێ و ئیجازە ئەبێ "سەلما" کچی "مەلیک کامیل" کە ئەم مەلیک کامیلە لەو سەردەمەدا لە لایەن میرزا شاهرۆخ کوڕی ئەمیر تەیمووری گوورکانییەوە ئەمیری ئەو وڵاتە بووە-لەسەر تەلارەکەوە تەماشای هەڵپەڕکێ فەقێیانە دەکات، مەلاش لە هەڵپەڕکێکەدا ئەبێت، چاوی بە کچکە ئەکەوێت و پابەندی عەشقێکی بێ وێنە ئەبێت(سەجادی/197:1395) ئازارێکی زۆر بە بۆنەی ئەم عەشقەوە ئەبینێت و شتهایەکی زۆر سەیری بەسەردا دێت و بابی نایداتی ، تا لە ئاخردا بە باوکی سەلما دەڵێت خۆ ئەمانە دڵخوازی یەکن بۆ نایدەیتێ؟ ئەویش بە مەلا دەڵێت: ئەوا سەلمات دەدەمێ ، هەستە بچۆرە مووسل شتومەکی زەماوەندی بۆ بکڕە، ئەویش پارەیەکی زۆر هەڵدەگرێت و دەچێتە مووسل و گەلێ شاری تریش دەگەڕێت و هەروا بەدەستی خالی دێتەوە ، ئەڵێن بۆچ هیچت نەکڕیوە؟ ئەڵێ: هەرچەند گەڕام شتێکی وام دەست نەکەوت کە شیاوی سەلما بێت.(هەمان.198 ).

ئەم سێ بیرەوەرییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دڵداری لە کوردەواریدا لە ئەشقێکی پاک و خاوێن سەرهەڵدەدا و مەبەست لە دڵداری هاوسەرگیری و بەیەک گەیشتن بووە و بەس. مامۆستا هەژار لەم بارەوە دەڵێت : ئەوەندە کیژێکی پاک و شەرم بە خۆ بوو کە شەرمم لێدەکرد و بە هیچ بارێک خەیاڵی خراپم بە دڵدانەدەهات(شەرەفکەندی/44:1997).

جیا لەمانە نایشتوانیین نکوڵی لەوە بکەین کە هەموو دڵدارییەکان خەیاڵی خراپی تێدا نەبووە و کاری خراپی تێدا نەکراوە. لە دڵداریدا کوڕەکان شەویان بە قەڵای مێردان داناوەو لەبەر نەبوونی کارەبا حەوشە و کۆڵان تاریک بووە و باشترین جێگە بۆ خۆ حەشاردان بووە. دەرکە و بانی ئەو کاتەش وەک ئەمڕۆ نەبووە و زۆر بە سانایی دەتتوانی لێوە دەرباز بیت. جاریش وا بوو کە عاشقان بۆ گەیشتن بە دڵدار مۆزاحیمگەلێک تریان بوو هەر بۆیە گۆرانی بێژان دەیان گوت:

ئەی خوا هەڵکەی باکەی نیوەشەو

توڵ و پیرەژن چاویان چێتە خەو

مامۆستا هەژار دەڵێت: شەوێک لە شوشەوەق بووندا، ئێستاش نازانم چۆن توانیم خۆم لە سەگان بدزمەوە و چۆنم وێرا وەک دزێک بە زەبر درگای چێغ لادەم و بچم لە خەو خەبەری کەمەوە(شەرەفکەندی44:1997).

لە نێو فەرهەنگی کوردەواریدا بۆ ئەوەی بەڵگەیەکیان بەم کارە دابیت دەڵێن: چ داریک بوو بانەی شەکانەو/ چ کەنیشکێک بوو کوڕ نەیلۆکانەو یان دەڵێن: چ هەنارێکە کوڕ نەیگۆشا بێت.

هەروەها باو بوو کە عاشق و مەعشووق دیاری بۆ یەک تر ببەن و وەک یادگارییەک بەنرخ لای خۆیان هەڵیبگرن

یادگاری دۆس یا جام یا شانەس

یا شیشەی عەترە یان کلکەوانەس

یادگارییەکەم هابەلاتەوە

نە خۆم داوام کرد نە خۆت داتەوە

یادگارییەکەت هابەلامەوە

وەک مەڵهەم ئەینم بە بان زامەوە

دڵداری دەسپێکێک بوو بۆ خوازبێنی، بەڵام زۆر جار ئەم دڵداریگەلە دەرەنجامەکەی باش نەدەبوو و دڵدارەکان بەیەک نەدەگەیشتن............

هەر مەلای بیبرێت مارەی دڵداری

ئەیگرمە کۆڵەو تا هێوانساری

دار و پیرە دار دار گەلای بۆ چەس



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کچ خۆی مەیلی بێت ماڵ مەلای بۆ چەس

ئەگەر دڵدارەکەشیان بۆ کەسێکی تر مارەدەبڕا و بەیەک نەدەگەییشتن دەیان گوت
هەر مەلایەک بیبڕێت مارەی نەوەدڵ
ڕیشەکەی دەبڕم دەیکەم بەشەتڵ

2) **خوازبێنی**

لەو کاتەوە کە ژیان لەسەر زەویدا دەستی پێکردووە مرۆڤەکان بۆ هاوسەرگیری شێوازگەلێک جۆراوجۆریان بووە. ڕاسڵ دەڵێت: لەبازە کشوەرێکدا بووک دەکڕن و لەبرێک تریانا بۆ نموونە فەرەنسە زاوا دەکڕن(ڕەسل /8:٢٠٢١)

لە کوردەواریدا کوڕ لە کچ خوازبێنی دەکات کە زۆر جار بەماڵ و پارە بەڵام ئەگەر دەست تەنگ بێت بە شیوەی ژن بە ژن بەو مانایە کە کوڕە خۆشکی خۆی دەدات بە برای دڵدارەکەی بەداخەوە جاریش وابووە کە باوکێک کچەکەی داوە بە ژن بۆ خۆی . بە خۆشحاڵییەوە ئەم ڕەسمی ژن بە ژنە بە پەرەسەندنی شارستانییەت نەماوە و کەس کاری وا ناکات .خوازبێنی بە ماڵ بەمجۆرە بوو کە کۆڕە باوک و پیاو ماقوڵانی ئاوایی دەنێرێتە خزمەت بابی کچ و دوای ئەوەی کە باوکی کچ کۆڕەی بە نۆکەریی خۆی قەبوڵ کرد هەموو خەرج و مەخارجی زەماوەند لە سەرشانی ماڵی کوڕ دەبێت. سەد مەخابن لە کوردەواریدا جار وا بووە کە کوڕ و کچ قەت یەکیان نەبینیوە و لەکاتی مارەبڕانەکەشدا بابی کوڕ و کچ لە لایەن ئەمانەوە خۆیانیان  بە وەکیل داناوە، لە ڕۆژی زەماوەندا یەکیان بینیوە. ئەم کارە بووە بە باعێس دڵنگرانی کچان و گلە و گازەندەیان کردووە کە ئێمەیان داوە بەشوو بێ ئەوەی پرسیان بە خۆمان کردبێت. ڕاستە کۆمەڵگا خواستی کچانی لەبەر چاو نەگرتووە بەڵام بۆ کۆڕانیش هەر وابووە بۆ نموونە دەتوانیین ئاماژە بە بیرەوەرییەکی مامۆستا هێمن بکەین ئەو دەڵێت: دایکم برازایەکی خۆی کە کچی پیاوێکی بەدەسەلات  و دەوڵەمەند بوو بۆی خواستم کە تا ئەو کاتە نەدیبووەم نە دەمناسی. درۆ نەبێ جارێکیان دوور بە دوور لە کاتی مانگا دۆشیندا دیبووم ئەویش ڕوخسارییم نەدیبوو تەنیا دەمزانی کورتە بالایە(شیخ الاسلام/بی تا:25) ئەوەی ڕاستی بێت هەم کوڕان و هەم کچان وەکوو یەک وابوون بەڵام کچان زۆرتر. بێجگە لەم شێوەیە ئەگەر کچ و کوڕ بۆ یەک ناوک بڕابایەن ئەوە هەر دوو لایەنەکە بە شێوەی ئاسایی ئیش و کاری خوازبێنیان ئەنجام دەدا. بەڵام ئەگەر دایک یان پوور یان خۆشکی کوڕەکە ڕێنوێنیان بکردایێت ئەوە پێویست بوو یەکێکیان بڕۆن بۆ ماڵی باوکی کچەکەو بە دایک یان خۆشک یان خودی کچەکە بڵێن. شەو ماڵی کوڕ بۆ دیتنی کچ دەڕۆیشتن بۆ ماڵی بووک. لێرەدا ئەم باسە دێتە ئاراوە کە کچەکە هیچکارەیە و بابی قسەی هەوەڵ و ئاخر دەکات. ڕاسل ئەڵێت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باوک دەسەڵاتی وەها بەسەر منداڵەکاندا بوو کە ئەم دەسەڵاتە لە زۆربەی بوارەکانداهەر وەک لە ڕوومدا وا بوو مەرگ و ژیانی ئەوانیشی دەگرتەوە. کچان لە هەموو سەردەمی شارستانیەتدا ،کوڕان لە زۆربەی وڵاتاندا بە بێ ڕەزامەندی باوک مافی زەماوەند کردنیان نەبوو، ئەوە باوک بوو بڕیاری دەدا لەگەڵ کێ زەماوەند بکات(ڕەسل/32:2021) بەڵام لە کوردەواریدا لە هەندێ شوێندا نەبێت ژن سەربەخۆیی تەواوی بووە لە شووکردندا، دڵداری دەکات بۆ ئەوەی مێردی پێبکات(سەجادی،12:1375)کە لێرەدا بە چەن نموونە لەم سەربەخۆییانە ئاماژە دەکەین کە جۆرێک لە سەر بەخۆیی ناڕاستەوخۆیە: ئەگەر کچ حەزی لە کوڕە بکردایێت بە بێدەنگی ڕای خۆی دەردەبڕی و لە هەندێ ماڵێشدا کە ئازادی زۆرتر بوو بە ئاشکرایی بڕیاری خۆی دەدا. بەڵام ئەگەر حەزی لە کوڕەش نەکردبایەت و نەیتوانیبات بە ئاشکرا بڵێت ئاو یان خۆڵی دەکردە ناو کەوشەکەی، جاریش وابوو خوێیان دەکردە ناو کەوشەکەی زاوا و بڕوایان وابوو ئەگەر زاوا قۆڕ بێت سکی دەست دەکا بە قۆڕەقۆڕ ،یان پێڵاوەکانی زاوایان تاوەتا دادەنا، جاریش وابوو ئەگەر کچەکە هەلی بۆ بڕەخسایە بەشێعرێک گاڵتەی بەکوڕەکە دەکرد.

خوا نەیداپێم لە سوارەی سەرە

ئەویشی داپێم گول و مەسخەرە

جارێکیان ژنێک گێڕایەوە و گوتی: من بەژن و باڵا بەرز و ڕێکوپێک بووم کابرایەک کورتە باڵا هات بە خوازبێنیمەوە جێوانێکی گەورەم بۆی دانا کە پاڵی بێوە بدات کاتێک کوڕە باڵی پێوە دا زانی مەبەستم چییە و هەستا ڕۆییشت.

ئازادی هەڵبژاردن بۆ کوڕان زۆرتر لە کچان بوون. دایکی زاواش بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ کوڕەکەی پێوەرهایەکی بوو. مامۆستا هێمن دەڵێت" دایکم برازایەکی خۆی بۆ هەڵبژاردبووم، ئەو دەیویست بووکێکی ئاکار باش و ڕەفتار چاک و وریا و مشوور و ماڵداری هەبێت(شیخ الاسلامی، بی تا:25). ئەگەر باب و دایکی کوڕە برازا یان خۆشکەزای خۆیان بوایێت و ئەو پێوەرانە کە مامۆستا هێمن لە زمانی دایکییەوە باسی کرد لەودا ببینرایێت ئەو کاتە دەیانگوت لە خوێنی خۆمانە با لە ناو خۆمانا دەرنەچێت کە ئەگەر بووک کچی پوور بوایە یان کچی خاڵ جیاوازیی تایبتیان بوو کە لە فۆلکلۆردا باسیان لێوەکراوە.

بووکی پووران، کوڵەکەی لای تەندووران

بووکی خاڵان لەسەر هەرزاڵان(پارسا،82:1394)

وەی ماڵ میمکان هەر کەڵە کووکیان

بەڵام ئەگەر ماڵی بابی بووکیان نەدەناسی یان هاتووچوویان کەم بوو لە جیران و هاوسێیەکانیان پرسیاریان دەکرد و کاتێکیش دەچوونە ماڵیان بەشێوەی جۆربەجۆر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەزموونیان لێدەگرت. بۆ نموونە بابی کوڕ گۆچانەکەی لە بەردرگا بەئەنقەست دادەخست یان کاتی دەرهێنانی پێڵاوەکانی بەملاوبەولا فڕێ دەدا و...تابزانن ڕەفتاری بووک چۆنە ئایا دروستیان دەکات یان نە و عەقڵ و مەعریفەتی بووکەیان لە ڕووی ڕەفتاری هەڵدەسەنگاند، یان مووری یان پارچەیان پێدەدا و دەیان گوت ئەوە بکە بەکراسێک بۆمان تا بزانن دەرزی و دوورومان دەزانێت یان نە

ئەڵبەت خوازبێنی ئامۆزاش باو بوو دەیان گوت:" ئامۆزا مارەیی لە عەرش بڕیاگە(بنی ویس/15:1988). زۆربەی خەڵک بووکیان بە بەخت و بە ئێقباڵ بەراوەرد دەکرد و دەیان گوت وەویلە وە داوان/ شوان وە گۆچا(هەمان:248) نان و هەویر، گەوروگەلەخان، دوخت دوورین ،دەستوپوخت و....بازێک تر لەو پێوەرانە بوو کە بۆ هەڵبژاردن کچێک وەکوو بووک لەبەرچاو دەگیرا یان دیسان لە فلکلۆردا هەمانە دەڵێت: .....

ژنێک توام ژنانە / پووسە بکەیگە هەوانە

واتای ژنێکم دەوێ کاروباری ماڵەکەم بەو شێوەیە بەڕێوە ببات کەس هەست بە هەژاری و دەستکورتیم نەکات(بنی ویس/129:1988)

شێوە ژن هێنانێکی تر ئەوە بوو کە بە داخەوە ئەمڕۆش تا ڕادەیەک ماوە پیاوێک ژندار حەز لە کچێک یان بێوەژنێک دەکات بێ ئیزنی ژنەکەی مارەی دەکات کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە زارا ئەشقی شوان یان لاس و خەزاڵ بکەین کە شوان بێ ئیزنی خاوەر زارا مارە دەکات.( گەردی،٢٠٠٧:١٧)

یان لاس بێ ئیجازەی خانزاد خەزاڵ مارە دەکات(فیدایی،١٣٨٠:٥٢)کە ئەم ژنانە بە هەوو ناو دەبرێن، ئەڵێن غەیرەتی ژن ئەوەیە هەووساری قەبووڵ کات، هەر چەند ئێرەیی ژنان زۆر بە قووەتە. ئەگەر هەنی دووهەم بێوەژن بووبایەت لە مێردەکەی تریشی منداڵی بووبایەت بەو منداڵە دەیان گوت (کۆڵەوەس)ئەگەریش پیاوەکە لە ژنە ئەوەڵەکەی منداڵی بووبایەت چ ژنەکە زیندووبایەت چ مردوو یان تەڵاقی بدایەت ئەو منداڵە بۆ ژنی دووهەم دەبوو بە "هەنەزا"بە واتای منداڵی هەوو. یەکێک لە واتاکانی هەوو لە کوردەواریدا" هەنە"یە. بێژەی وشەی هەنەزا بە جێگەی هەووزا لە بواری دەروونناسییەوە جێگەی سەرنجە.بێجگە لە خوازبێنی و جۆرەکانی تری ژن هێنان جاریش وابوو کوڕ و کچێک حەزیان لە یەکتر دەکرد بەڵام ماڵی بابی کوڕ یان کچ ڕازی نەبوون کوڕ وکچ بێ ئیزنی ماڵی بابیان لەگەڵ یەک جۆر دەبوون و بۆ شوینێکی تر دەر ئەچونن لە لای مەلایەکی تر مارەدەبڕان کە "هەڵگرتنیان " یان " ڕادوو" یان پێدەکوت و کچە لە لایەن بنەماڵەوە عاق دەکرا ، دوایی ماوەیەک کە بنەماڵەی کوڕ و کچ دەیانزانی ئیدی هیچیان پێناکرێت بەو وەسڵەتە ڕازی دەبوون و دەگەرانەوە زێدەکەی خۆیان و بە ئاسایی ژیانیان تێدەپەڕاند

ماموستاهە ژار دەڵێت: ئەو کچەی کە بە بۆنەی دەوڵەمەندی باببیەوە نەمتوانی خوازبێنی لێکەم حەزی دەکرد هەڵیگرم بەڵام تارمایی باوکم دەهاتە بەرچاوم و دەترسام( شرفکندی ،1997: 43).

زۆربەی شیوازە جۆراوجۆرەکانی خوازبێنی لە کوردەواریدا ئەمانە بوون کە باسمان کرد بەڵام ڕەنگە شێوەگەلێکتریش ببێت کە باسمان نەکردوە .

**پێوەرەکانی کچ و کوڕ بۆ هاوسەرگیری:**

هەڵبژاردنی زاوا: لە قورئانی پیرۆزدا کچەکەی شۆعەیب بە بابی دەڵێت مووسا قەویی و ئەمینە بۆ کارکردن ئەجیری بکە، لە کوردەواریشدا کوڕ ئەبێت توانا تاقەتی کارکردن بە خێو کردنی خێزانەکەی ببێت و ئابڕوودار و بە شەرەف بێت.

هەڵبژاردنی کچ لە تەواوی میللەتە کاندا گرینگە، قابووسنامە، سیاسەت نامە ئەخلاقی ناسری ئەو کتێبە گرینگانەن کە بۆ هەڵبژاردنی ژنی باش پێوەرهایەکیان داناوە، بۆ نموونە خاجە نەسیر لە ئەخلاقی ناسریدا دەڵێت:باشترین ژن ئەوانەنن کە ئەقڵ، دین، داوێن پاکی، شەرم، خۆشەویستی، کورت زمانی، خەمرەوێنی ملکەچی بۆ شووەکانیان تێدا بەدیدەکرێت، نەزۆک نەبێت ئەگەر هەموو ئەمانەی نەبوو پێویستە ئەقڵ و داوێن پاکی وحەیای هەبێت، نابێت جوانی و زەریفی ژن ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانی تر لەبەرچاو نەگیردرێت بە دەگمەن زەریفی و پاکی یەک دەگرن(طوسی ،1399: 216).- کورد وتەنی ژن فرە زەریف ساحێوی نییە-

گۆرانی بێژان دەڵێ :

*پیاوی ژن جوان دایەمە کزە          خشەی مشک دێت وازانێ دزە*

**قەتع وبڕ**: دوای ئەوەی کە کوڕ و کچ یەکیان پەسەند کرد، ئەمجار باسی قەتعوبڕ یان ماڵ بڕینەوە دێتە ئاراوە کە بریتیە لە شیربایی، مارەیی، وەجوماڵ،دەخڵودان(شتومەکی خواردن بۆ زەماوەند)لە ڕابردوودا ڕەسم وا بوو کە برە پارەیێکیان دابین دەکرد بۆ خرۆپێت و کەلوپەل بووک یان وەوی کە دەشیا لە لایەن زاواوە بدریایەت، بەم پارە دەیان کوت" شیروایی" یان بە قەولی فارسەکان"شیربها" بەو واتایە زاواا پارەی ئەو شیرە دەدات کە دایک بە کچەکەی داویەتی. بڕی پارەی شیروایی لە نێوان بنەماڵەکاندا جیاوازی هەبوو، هەرچەندێک کچەکە جوانتر و خوازبێنی کەری زۆرتر بووبایە شیروایی زۆرتریان دەسەند.جاریش وابوو شیروایی زۆر داواکردن بەو مەبەستە بوو کە کوڕە نەتوانێت دابێنی کات و بنەماڵەی کچیش بەم جۆرە ناڕازی بوونی خۆیانیان دەنواند کە هەم کچەکەیان دڵی نەیێشێت و هەم کابراش زاواش خۆی دەست لە ئەو کچەهەڵگرێت دەتوانێن بڵێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جواوکردنێکی تا ڕادەیەک مۆحتەرەمانە بوو. کە بڕێک جار زاوا مەجبوور دەبوو کچە هەڵگرێت و ئەو زێدە بەجێ بێ ڵێت. زۆر جار کچ بە دڵی خۆی شووی نەدەکرد.

هێرۆدووت دەڵێت:"بابلیەکان ڕەسم و یاسایان وا بوو کە ساڵێک یەکجار کچەکانیان لە مەیدانی ئاوایی یان شاریە مەبەستی هاوسەرگیری کۆ دەکردەوە تا بیانفرۆشن، ئەمڕۆ مارەیی و شیروایی سەندن هەر ئەو یاسایە وەبیردێنێتەوە"(سیفی٢٠١٨:٦٦). مارەیی بەشێکی قەتعبڕ بوو، بڕێکجار مارەیی کچی دەوڵەمەند شەشدانگی ملکێک یان دێهاتێک یان شتێکی زۆر بە نرخ بوو، بەڵام زۆربەی خەڵک بڕەپارەیەک یان نۆزدە میسقاڵ زێڕ بوو کە لەنێو خەڵکا باوە دەڵێن مارەیی کێداویە و کێ سەندوویە. عەرەبێش دەڵێن عندالمطالبە یان عندالاستطاعە یە.  عندالمطالبە بەو مانایە کە هەر کات ژنە داوای کرد مێردەکەی دەبێت بیداتێ بەڵام عندالاستطاعە ئەوەیە کە مێردەکە هەرکات توانایی ماڵیی ببێت بیدات. لە نێوان ژناندا باو بوو کە ئەیانکوت ئەگەر ژن مارەیییەکەی ئازاد نەکات ئەگەر ئێحسانێکیش بکات هیچ سواوێکی پێناگات، جا ئەگەر ژنە بە مێرد و ماڵەکەی دڵخۆش بووبایەت بە شتێک وەکوو مانگا یان گوێرێک یان شتێکی تر کە لە مێردەکەی دەیسەند مارەیی ئەبەخشی-شەرعی ئیسلام ئەم شتەیان بە دروس نەدەزانی چۆن شتی وا لە ئیسلامدا نەبوو.

زێڕ و تەڵاش بەشێکی تر بوو لە قەتعوبڕ  کە ئەویش بە پارە دابێن دەکرا، کوشتودان، پێخۆر و....بەشێکیتر بوو کە دابێن دەکران

خەڵات یانێ دیاری زاوا بوو دایک و ژنانی خزمی نزیکی بووک کە بریتی بوو لە ڕەشتی بوو سەروین قماش بوو کەوا و سەڵتە و...

پێداویسیەکانی ماڵیش ناو ئە برا و هەموو ئەمانە لە کاغەزێک کە ناوی سیاهە بوو ئە نووسرا و ئەوانە وا لە مەجلسا بوون واژوویان ئەکرد. زۆرجارکاغەز لە بەینا نەبوو، قسەی خۆیان سەنەد بوو، جاری وا هەبوو بابی کچ ناڕازی بوو،بە کوڕە متمانەی نەبوو کچەیی بەخیو کات، بابی کوڕ تاڵێک سمێڵی دا ئەنا بوو متمانەیی بابی کچ، ئەوەبوو زۆر جار بە سمێڵی مەردانە سوێندیان ئەخوارد.

جاری واهەبوو لە خوازبێنی بابی کچ بە کینایە ئەی گوت: کچم ئەسپی نەدیوە یانێ منداڵە، سەد مەخابن ئەم کینایە بایەخی ژنی کز ئەکرد و ناشیرین بوو، بۆیە باسمان کرد بێ ڕێزیەکان کۆمەڵگاش پیویستە بناسرێن با دووپات نەبنەو.

**دیاری کردن:**

بنە ماڵە ی کوڕ دوایی قەتع و بڕ لەو شەوە یان چەن شەو دواتر بە پێ داب و نەریتی ئەو شۆێنە کەل و پەلی پێویستی بووکیان لەگەڵ خۆیانا ئەبرد، بانەسەری،کیلکەوانەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زێڕ یان ئەڵقەیی دیاری و چەن شتی تر کەل پەلی دیاری بوون، خوشکی زاوا یان کچێکی بوخچەنەکراوە(شوونەکردوو) یان ژنێکی بەرەواڵەت بەختەوەر، بانەسەرییەکە باتە سەر بووکا، جا بووک لەبەر ئەوە کە شەرم و حەیایی خۆی پیشان بات یان بە ویتەێک لەگەڵ ژێربارچوون شەرئەکات چەن جار ئیجازە نادات بانەسەری بەنە سەریا( بازێکیان کوڕەیان بە دڵ نییە) دوایی بانە سەری ئەدریتە سەریا وئەگەر زاوا لەوێ بێ بانگ ئەکەن لە زاوا ئەنگوستیلە بکاتە دەستی، زاواش نەبێ ژنێک ئەو کارە ئەکات.- لە کوردەواری ڕەسم نییە زاوا بچێت بوو ماڵ بووک تا کاتی کە پایی ئەکرێتەوە کە دوایی باسی لێ ئەکەین- " ئەڵقە هێمایی بەیەکەو بوونە بو عومرێک و بڕیاری هاوژینی پێکەو بوونیکی بەردەوامە، جیا لە مانە هێمایکە کە خۆ پاراستن و خۆشەویستی و قەرار و قەولی تیا بەدی کراوە" ( شوالیە ،1387: 23).

لەم کاتەوە کوڕ و کچ ئەبنە "دەسگیران" یانێ دیاری کراوبوو یەک کە ئە بێ پاڵ پشتی یەک بن . فارس وتەنی ئەبنە" نامزد "بە وتەی شەفیعی کدکنی نامزد یانی نیم زادچۆن هەندێ پیان وایە کە مروڤ لە دایک ئەبی چ کوڕ چ کچ، ناتەواوە، دوایی لفی خوەیی پەیا ئەکا و ئەمجارە کامیل ئەبێ چونکا "هاوسەرایەتی، پێوەندی لەشی و هاو بەشی لە ژینی پیاو و ژنە کە بە موافقەت یاسا یان خەڵکی و ئەمری دین پێک دێت( غلامرضایی ،1397: 5).

لە ڕابردودا بەر لاوە شیرینیان ئەخوارد دوایی مارەیی کچیان ئەبڕی بازێ جاریش پێکەوە ئەکرا.

**شیرینی خۆران:**

لەقەتع وبڕدا یەکێک لەوانەیی لە سەری باس ئەکرا شیرینی خۆران بوو کە بنەماڵەی بووک بە بنە ماڵەی زاوایان ئەوت ئەبێ شیرینی خۆران بکەن، ئەوانیش کەل و پەلی پێویست یان دابین ئەکرد و لە کاتێک دیاری کراو لەگەڵ قەوم و کەس خۆیانا ئەهاتن بوو ماڵ بووک، بنەماڵەی بووکیش قەوم و کەس خۆیان داوەت ئەکرد. بەر لە هاتن مێوانەکان لە لایەن بنەماڵەی زاواوە چەن ژنێ یان چەن کچێ ئەهاتن بوو ماڵی بووک کەل و پەلی بووکیان ئەهینا بەرلاوەتر لیباسەکانیان ئەدا خانمێک ئەی دوران و ژنێک کە کاری جوان کردن ژنان بوو لەگەڵ خۆیان ئەیان برد تا کۆ بووک جوان کات، ڕوومەتی بگرێت، سەروینی بوو بوەسێتەو...- پێویستە ئاماژە بکەین لە کوردەواری کچ تا شوو نەکات حەقی نەبوو مووی ڕومەتی بگرێت یان سەروین ببەسێتەو(کچان قەرەپێچێان ئەکرد) و هەرشتێک هێمای ژنی پێ بێت نابی کچ کەڵکی لێ بگرێت.

هەی وەی بالابەرز سەروێن بێ گرێ خەڵکی کام شاری هاوڵاتت نەمرێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

لیباسی کوردی ژنان هەرکام فەلسەفەیێکی تایبەتی خۆی هەیە، سەروێن، شاڵ، کەوا، سەڵتە، کراس، سینەپۆش، لفکە...گشتی بانگەوازی لە خۆراگری ژنی کوردئەکات، هەرکامی بەرەسم و یاسایی خۆیی لەبەر ئەکریا کە ئەگەرێتەو بوومێژوێکی کۆن کە لەم وتارە جێ باسی نییە ،تەنیا بوو وینە ئاماژە بە شاڵ ئەکەین کە هاو بەشە لە بەین پیاو و ژنا " هیچ شەکێک لە وا نییە کە شاڵ بەستن ڕەسمێکی کۆنی ئارياییە و لە سوننەتی مەزدیسنا ئەم ڕەسمە ئەگەرێتەوە بۆ پێش زەردەشت( پورداوود، 1387: 66). " کاتێک شاڵیان ئەبەست ڕوویان ئەکرد لە ڕۆشنایی، ئەگەر سووبح بوایێت ڕوویان ئەکرد لە خۆر هەڵات، لە دوایی نیوەڕوو ڕوو لە خۆراوا بوون، شەوانە ڕوو لە چرا بوون یان لە مانگ( هەر ئەوە: 71). شاڵ ئامرازێکە جوامێری ژن و پیاو بانگە واز ئەکات، شاڵ بەستن بوو بووک و کردنەوەی دوایی لە لایەن زاواوە ڕەسمی تایبتی کوردەوارییە، بووک گەیشتە ماڵ زاوا دوایی چەن کاتژمێر زاوائەبێ بروات و لایی بووک لە خەڵوەت چەن خولەک بمینیتەو، شاڵی کاتەو و نەوات بەر شاڵی دەربێرێت و زوو بێتە دەرەو کە دوایی لێ ئەدوین.

هەندێ جار لەکاتی مارەبڕین و شیرینی خۆران قسەو باسی زێدە بنە ماڵە زاوا و هە ندێ بیانویی بێ جێ بنە ماڵەی بووک، کێشەیی دروس ئەکرد، باوکی کچ پەشیمان ئە بوەو و ئەیوت کچ نادەمە شوو، بیانووی ئەگرت، دوایی رازیان ئەکرد کە هەڵی نەشێوێنێتەو، ئەمجار داوایی شیروایی زۆرتری ئەکرد، بەم داواکارییە نۆییەیان ئەوت " چەقین " باوک کچ ئەیوت چۆن بنەماڵەی زاوا نەفامانە قسەیان کردووە من بەم زیادکردنە قەرەبووی ئەکەمەو، زۆربەی بنەماڵەکان زاوا قەبووڵیان ناکرد ئەیان وت ئەمە پێ ئەیژن" کەرانە" ئیمە نایدەین بەڵام ریش سپی یان کەسانێک دیکە بنەماڵەی زاوایان رازی ئەکرد.

**مارە بڕین:**

زۆر جاربێ ئەوەی کچ و کوڕ یەک ببینن، لە یەک مارە ئەکران، باوەڕ وابوو باوک سەڵاح و مەسڵەحەتی کچەکەی باشتر ئەزانی و بێ پرسی ئەو ئەتوانی مارەیی بکات لە هەرکەس کە خوەیی بە باشی ئەزانێ ،سەد مەخابن لەم بابەتەوە زۆڵمێکی زۆر لە کچ ئەکریا و حەقی هەڵبژاردنی لێ ئەسێنرا، ئەم زۆڵمە نکۆڵ ناکرێت و نابێ بیانویشیی بوو بێنیینەوە ،تەنیا کچ نەبوو، بابی کوڕیش بێ ئەوەی کوڕ خەبەری بێ کچی بوویی پەسەند ئەکرد، مارەیی ئەکرد، لە ڕۆژی زەماوەندا کوڕ بووکی ئەبینی.

زۆر جاریش لە دوورەو کوڕیان بە کچێک پیشان ئەدا یان کچێکیان بە کوڕێک نیشان ئەدا کە ئەوەیە هاوژینت، شەوی زەماوەن دەرئەکەوت فێڵیان لەگەڵیا کردوە، بووک یان زاوا کەسێکی ترە- ئەمانە لەو کاتانادا بوو کە کچ و کوڕ خەڵکی شۆێنێکی تر بوون-



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە کوردەواری بە پێ شەرعی ئیسلام کچ تا مارەی نەکەن بوو کوڕ نامەحرەمە و پێویستە لە کاتی مارەبڕینا بابی کچ حوزووری هەبێ ئەگەر بابی نەبوو باوەگەورەیی ئەویش نەبوو برا و مام و ...ئەتوانن کچ مارەکەن بەڵام بوو بێوەژن ئیزنی باب پێویست نییە، هەرچەن حەیا و شەرم ژنانی کورد وایە کە بێوەژنیش بێ ئیزنی گەورەیی شوو ناکات

فرە حەزم کرد وەم ڕۆژە کەفتی　　لە شوو نەکردو بێوەژن کەفتی

- کوردانێک کە سەر بە ئایینەکانی ترن بە شێوازیی ئایینی خۆیان ئەم بەشە بە ڕیوە ئەبەن- مەلایی ئایینی ئەهات و لە حوزووری دوو شاهید کوڕ و کچی لە یەک مارە ئەکرد، زۆربەی کچان و کوڕان بابیان ئەکردە وەکیلی خۆیان لە کاتی مارەبڕینا، وەکیلەکان دەسیان ئەنیا ناو دەس یەک و ماموستایش سیغەیی ئیجاب و قەبووڵی پیان تەڵقین ئەکرد و دوایی دەس یەکیان ماچ ئەکرد. زۆر جاریش کچ و کوڕ یەکیان نادی تا ڕۆژی زەماوەن.

*دۆعایی ئەکەم گشت بێژن ئامین　　مەلا نەمێنی لەسەر ڕووی زەمین*

*مەلای مارەبڕ ئیمانی نییە　　نایێژێ بەکچ مەیلو لە کێیە*

بەڵام ئەمڕوو کچ و کوڕ خۆیان لە وەختی مارە بڕینا هەن و ماموستا چەن جار لە کچەکە ئەپرسێت بەم کوڕە رازیت؟ ئیستە بوەتە باو تا سێ جار پرسیار ئەکات، ئەم ڕەسمە لە ئایینی زەرداشتەوە هاتووە، کچانی جوان و ژنانی بە ڕەواڵەت بەختەوەر تارایێک لەبان سەر بووک و زاوا ڕا ئەگرن دوو کڵویی قەند بە یەکا ئەدەن تاکۆ ژیانیان شیرین بێت. لە قەدیما باو بوو لەکاتی مارەکردنەکەدا ژنان هوشیار بوون کەسێک بووک و زاوا تەلیسم نەکات، چونکو لە رابردوودا کاتێک لە شەوی پەردەدا کوڕ نەی ئەتوانی زاوا ببێت بە بێ لە بەر چاو گرتنی عیلمی پزیشکی، ئەیان وت لە کاتی مارەکردنەکەدا تەلیسمیان کردوە و ناڵی ئەسپیان لە خاک نیاوە وە تا ئەو ناڵە نەپۆرتکێت ئەم کوڕە زاوا نابێ.

**پاکردنی زاواو ڕوژگاری دەزوران داری:**

لە دوایی شیرینی خۆران یا مارەبڕین، ماڵی بووک زاوایان داوەت ئەکرد ،ئەویش لەگەڵ بنەماڵەی دیارێکی بەنرخی بو بووک ئەبرد جیا لەویش بو دایک و خویشک و براژن ...بووک دیاری ئەبرد. شام یان نەهار لەوی ئەمانەو. ماڵی بووکیش شتێکی شایانیان ئەدا بە زاوا. دوایی زاوا بەتەنی ئەیتوانی هاتوو چووی ماڵ خەزوورەی کات. ئەمە پیان ئەوت پاکردنەوەیی زاوا.

**پاکردنەوەی بووک:**

لە کوردەواریا ئەم نەریتە نەبووە، ئەگەر ئیسە ئەبینرێ لە فەرهەنگەکان دیکەوە وەرگیراوە.

**ئیجازەی زەماوەن وەرگرتن:**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەکاتی مارەبڕین کاتی زەماوەن دیاری ئەکرا، لە کوردەواری بە بۆنەی کاروبار کشت و کاڵ زۆربەیی زەماوەنەکان لە پاییزا ئەکرا، لە ناو مانگەکانا لە مانگەعەرەبیەکانی سەفەر و موحەررەم ولە ناو ڕوژانیشا ڕۆژی شەممە زەماوەن ناکرا ئەیان وت:

شەممە کارو شەممە بار     شەممە وەوی(بووک) تیا ناکری سوار

جیا لەمانە هەرکات بنەماڵەیی زاوا خۆیان تەیار بکردایێت ئەهاتن بوو ماڵ بووک و ئیجازەیی زەماوەنیان داوا ئەکرد، پێویست بوو بنەماڵەی بووکیش تەیار بوایێتن، بنەماڵەیی بووک ئیجازەیان ئەدا و کات و ساتی زەماوەن دیاری ئەکرا، بنەماڵەی بووک و زاوا ئەگەر کەسێکیان یان دەراوسێکیان بە تازەیی لە دنیا دەر چوبایت، بە بردنی شێرینی یان کەلە قەن بوو ئەو ماڵە ڕێز و حورمەتیان بوو خۆیان و بنەماڵەیی مردوو دا ئەنا، ئەوانیش بەر لە ڕۆژ زەماوەنەکە بە شیرینی و هاوردن دیاری بوو بووک و زاوا ئە هاتن موبارەک بایی یان ئەکرد

بنەماڵەیی زاوا ئەگەڕانەو بوو ماڵی خۆیان و کەل و پەلی دیاری کراویان بەرەو ماڵی بووک بەڕێ ئەکرد، جەماعەتێک پیاو و ژن لە گەڵ سێ کەسی تایبەتی بە ناویی: پاخەسوو(ژنێک بە ساڵاچوو)، ریش سپی( پیاوێک بەساڵاچوو) و پیاو پاخەسوو(گەنجێک خێزاندار یان ڕەبەن) کەل و پەلی خواردەمەنی و لیباسی بووکیان بەرەو ماڵی بووک ئەبرد،دوایی تەحویلی، بێجگە لەو سێ کەسی تایبەتیە ئەوانی تر ئەگەڕانەو بوو ماڵی زاوا.

**سەر ساج:**

بنەماڵەیی بووک ڕۆژی ئەوەڵ زەماوەن، ژنانی جیران و هاوسێ داوەت ئەکەن بوو دوایی نیوەڕوو کە پێ ئەیژن سەرساج، نانی زەماوەن لەگەڵ نانانی تر جیاوازە، ئەم نانە پێ ئەڵێن **تیری** کە لەبان ساج ئەکرێت نەک لە تەنوورا. یەکێک لە پێداویستییەکان بوو سەرساج و زەماوەن ئارد بوو، خانمێک کە کاری تیری کردن بوو پۆڵیان پێ ئەدا ئەم کارەیی ئەکرد، بەر لەوە کیسە ئاردەکە ئاوەڵاکات دوایی پۆڵی لە پاخەسووی ماڵ زاوا ئەکرد، ئەی گوت تا پۆڵم نەدەنی درگایی گۆنییەکە ناکەمەو، پۆڵیان پێ ئەدا درگاکەیی بازئەکرد. وەم کارەیان ئەوت **دریا هۆڕانەوە**. دوایی نانی تیری ئەکرد پاخەسوویی زاوایش لەگەڵ ژنانی تر خۆراک ڕشتەو تورشیان دروس ئەکرد. ئەوانەیی وا داوەت بوون بوو سەرساج، دوایی نیوەڕوو ئەهاتن وە پۆڵێک یان کەلەقەندێکیان لەگەڵ خۆیانا ئەهاورد بوو سەر ساج، بنەماڵەیی بووکیش پێشوازی لیانەو ئەکرد و ڕشتەو تورشیان بوو پەزیرایی دا ئەنیا. ئەمجار ئەوانە وا هاتبووون بوو سەرساج بوو شێو داوەت ئەکرانەو، زۆربەیان کچ و ژنی جوان بوون، شێویان پێ ئەدریا دوایی شێۆ کچانی بنەماڵەی زاوا ئەهاتن بوو ماڵی بووک بوو خەنەبەندان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**خەنەبەندان:**

بەر لەوەیی شێو بخوەن ژنێک لیباسیی ئەکردە بەر بووک وە سەری بووی ئەبەستەو، بەر لەسەر بەستنەوە داوایی پۆڵی ئەکرد، پاخەسوویی زاوا پارەی ئەداتێ، پیان ئەوت **سەر وەسانە**، جاران زاوا شەو خەنەبەندان حەقی نەبوو بچێتە ماڵ بووک لەم دواییانە ببووە ڕەسم. شەوخەنەبەندان خەنە ئەکرا ئاو، دەست و پێ بووکی پێ ڕەنگ ئەکرا، کچانی بوخچەنەکراو، نێودەستی خۆیان بە خەنە ڕەنگ ئەکەن ، شایی و هەڵپەڕکێکی کورت بەڕێوە ئەبەنو بڵاوە ئەکەن. هەر ئەم شایی و هەڵپەڕکیە لە ماڵی زاوایشا بەڕێوە ئەچی بە شەوقێکی زۆرترەو.

هەڵپەڕکێ لە کوردەواریا باوە و زۆر جاریش لێکۆڵینەوەیی لە سەر کراوە.وێدەچێت" هەڵپەڕکێ لە ئاسمان و هاتوو چووی اجرامی فەلەکی وەرگیریاوێت" ( سیفی،2018 : 73) ئەڵێن ئینسان بە مل هەمو شتێکا زاڵ ئەبێ مەگەر زەمان، لەبەر ئەوە بە پێچەوانەیی عەقرەبەیی ساعەت هەڵ ئەپەڕێ، ئەیەوێ زەمان بباتە دواوە، لە بەند و چەڵەمەکانی ژیان رزگار بێت." لەکاتی هەڵپەڕینا مووەکانیانی خاتوونان پەرێشان ئەکرێت، ئەوە ڕائەگەێنێت کەئەیانەوێ لە ژێر کۆسپ و چەڵەمەکانی سنووردار ڕزگار بن، هەڵپەڕکێ شێوازێکە کە بەرەو ئازادی ڕێگە ئەپێوێت( شوالیه ،1387 : 321).لە هەڵپەڕکێ کوردەواریدا زۆر جار ڕشبەڵەک هەبووە مامۆستا هێمن ئەڵێ: "من ئەو ڕەسمەم لە ڕەشبەڵەکێ لادێ دازۆر پێ جوان بوو کە پیاو مەگەر ژن بۆ خۆی بانگی بکردبا، دەنا هەقی نەبوو بچێتە دەستی دۆیان، پیاو دەبوو هەمیشە لە پێشەوە ڕا بچێتە نێوگەری داوەت، دەنا عەیب بوو. بەڵام دۆ دەبوو لە پاشەوەرا بێتە ناو داوەت و هەڵبژاردن بە خۆی بوو. ئەو ڕەسمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زەمانەی کە ژن لە کوردەواری دا ئازادی پتر بوو( شیخ الاسلامی، بێ تا: 16). لە هەڵپەڕکێ کەسی هەوەڵ کە **سەرچۆپێ کێشی** پێ ئەڵێن وەکو سەرۆک وایە شایی ئەگەڕێنێ، کەسی پاڵ دەسی وەکۆ جێگیرەو کەسی ئاخریش کە بە **گاوانی** بەناوبانگە پارێزەری شاییە و هەمویان و بیرهێنەوەی خۆرومانگ و ئەستێرەن کە لە شوێنی خۆیان لانادەن تاکۆ ڕێکی و پێکی بوون و هەستی بنوێنن.

دوای هەڵپەرکی میوانەکان ئەڕون بوو خواردنی نەهار وە دوایی نەهار بووک ئەبەن بوو ماڵی زاوا. لە کوردەواریا رەسم نەبوو زاوایش بێت بە دوایی بووکا، بەڵام لە هەندی میللەتا ڕەسم وابوو کە زاوا لە ماڵ بووک زاوا بێ، عبدالله بابی پێغەمبەر لە ماڵ وەهەب زاوا بوو تا سێ ڕۆژ لەوی ماوە( عبدالعزیزهەرتەلی ،1397: 33)، داستانی ڕۆستەم و تامینە لە شانامە، فاطمە غلامرضایی کهن لە وتارێکا ئەڵی لە هورموزگانیشا وایە، بەیتی لاس و خەزاڵیشا ئاماژەێک کورت بەم نەریتە لە کوردەواریا کراوە( فیدایی ،1380: 84).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ژنێک دێت بووک ئارایش ئەکات، دوایی موی سەری و رووومەتی دا ئەپۆشی تا کو کەسێ رووومەت و موی سەری بووک نەبینێ" چۆن کو پیان وایە ئارایش و جوان کردنی بووک، ئەو لە ناپاکییەکان پاک ئەکاتەو بەم رووبەندە لە ناپاکی ئەپارێزرێت چون کۆ پاکی وەکو کچی(باکرگی) بە بووک قداسەت ئەبەخشێت وە بووک وەکو ولاتێک داگیر نەکراو ئەمێنێتەوە تا کۆ پالەوانێ وەکو زاوا بەدەسی بێنێ جیا لەمانە پیان وایە بانەسەری و لەچک مانیعێکن لە بەرامبەر حوزور دێوەکان لە نێو پەخش و پەرێشان بوون موی سەرا شتیک کە لە تەک دەقی وندیدا یشا براوەرد ئەکرێ"( سیفی ،2018: 56)، بویە دەس لە رووبەنی بووک نادەن تا کو زاوا خۆی لای با، لەو ماوەیەدا بووک تەیار ئەکەن، ژنێک کە تازە منالی بووە نابێ بچێتە لای نەک وا چلەی بکەوێتە سەربووک دوایی لە شالێدانەبات دائەنێن و لە کەوشەکانیدا پۆڵ، روبەنی سوور ئەکێشن بەسەریا. نەبات تایبەتی زاوایە و پۆلیش بوو ئەو کەسەی کە کەوش و پێلاوی بووک لە پای دەردێنی و ڕوبەنەکەیش بووئەوەیە کە بێجگە زاوا کەس نابێ ڕوومەتی بووک ببینێ. بەر لەوەی بووک لە مال بچێتە دەر پێ ئەلێن دەس وەبان سەر ئەو قەیرەکچانە بێرا با ئەوانیش وەک توو ببنە بووک.
جل و جێوانی بووک لەسەر چەن ولاخ بار ئەکرێت و ئەدرێتەچەن کەسی جێ باوەڕ، بەر لە سوار بوون بووک ببیەن بوو مال زاوا.

بەر لەوە بووک لەمال بێننە دەر سێ جار لە دەوری تەنووری مالەکەیانا ئەی چەرخێنن وە ئەلێن دەور تەنوورەکە ماچ کە، با کوانویی مالی بابت لەبیر بێت، وابەستەیی وە کوانووە گەورە بەردەوام بێ.

*خۆزم وەو کەنیشکە ئەچێ وە باوان     برا شانی ئەگرێ و دایک لە داوان هەندێ کچ*
*مالی بابیان لەبیر ئەبردەو،     لای ژنان ئەمەیان وەباش نازانی*
*ئاگر خاسە دەم دووی     برا خاسە نە وەک شووی*
*خۆشە ئاگر خۆشە دوو     برا خاسە نە وەک شوو* (بنی ویس، 1988: 14)

ئەم دابو نەریتە موقەدەسی ئاگر ئەگەێنێت کە ئەم بنەمالە لەدەوری کۆ ئەبونەو،ڕەنگە زۆر شتی تریشی تیا حەشار درابێت ئیمە نەزانین.

دوایی خزم و کەس و کار خواحافزیان لێ ئەکرد، گەرەکیان بوو بووک بێننە دەرەو لە مال برایی بووک نەی ئە هێشت و داوایی پشت دریانەی ئەکرد، بابی زاوا یان برایی زاوا پۆلیان ئەدا، بەمەیان ئەوت **پشت درگانە**،دوایی ئەمانە کچێکی جوان ئاوێنەیی لە بەر دەمیا هەل ئەگرت کە بووک خۆی تیا ببینێت، پیان وایە ئاوینە شەڕەکان دوور ئەکاتەو ،پال پشت زاواو و بووکە، شکانی ئاوینە هێمایی جودایە، ئەگەر مالی زاوا نزیک بوایت غەرغەرە یان مەکارەیان ئەوەستە پایی بووکەو کە بە هێمنی بەڕێگا بڕوات، ئەگەر بوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دێهاتێکی تر بڕۆشتایێت قورسیان ئەهینا و بووکیان لەسەری سواری ئەسپ ئەکرد، ژنانی کوردەواری گشتیان سوارکار بوون بەڵام ئەبوا کەسێک رەشمەیی ئەسپەکەیی بگردایت، پیان ئەوت **جڵەوکێش**. ئەگێرنەوە کوڕێک خوازبێن کچێک ئەبێت، پێ نادەن، کچە شوو ئەکاتە شۆێنیکی تر، لە ڕۆژی زەماوەندا ئەسپ لەو شۆێنە دەس ناکەوی، بێجگە لەو کوڕە کەس ئەسپی نابێ پێ ئەڵین ئەسپەکەت بێرا بووک لێ سوار بێ ئەویش ناچار ئەبێ ئەسپەکە ئەدات، ئەیژن خۆیشت ببە جڵەوکێش، ئەویش ئەڵی؛

دەک خوا بمگرێت بوو کارێ کردم        بوومە جڵەو کێش بردم بوومەردم

دوایی ئەسپێکیس تێرن بوو پاخەسوویی بووک.

کچی کورد ئینسانێکی با شەرەفە، داوینی خۆی پیس ناکات، بە پێ وتەی قورئانی پیرۆز" ان الله ان تؤد الامانات الی اهلها"( نسا ،58) کچێنییەکەیی ئەمانەتێک بووە کە خوا بە ئەمانەت لای داناوە تاکۆ پارێزگاری لێ کات و تا کاتی خۆی بی پارێزێ، خۆیشی ئەمانەتێکە لای باوک و دایک تا کات و ساتی خۆی ئەبێ هۆشیان پێو بێ ." لە ئوستورەکانی یونانا پارێز لە کچێنی شێوەێکی تایبەتە لە خۆڕاگری وە بەم کارە کردەوەێکی شەیتانی لە خۆیانەوە دوور ئەکەنەوە" ( سیفی ،2018: 42). ئەو ئەمانەتەی کە خوا لای داناوە ئەی پارێزێ وە ئەی داتە دەس ساحێوەکەی، لە رابردودا وەکو ئەمڕوو پزیشک نەبوو شەهادە بنووسێ، ژنێکی بەساڵا چویان لە گەڵ بووکا ئەناردکە شەهادەی پاک داوێنی کچ بێریتەو بوو ماڵی باوان، بەم ژنەیان ئەوت **پاخەسوو**، کوڕێکیان لەگەڵ پاخەسوا ئەنارد پیان ئەوت **پیاو پاخەسوو**. ئەمانیش لەگە ڵ بووکا ئەڕۆیشتن بوو ماڵی زاوا.
سوارکارەکان ماڵی زاوا کە پیان ئەیژن برازاوا، چوار دەوری بووکا ئەسپ ئەگەڕینن، توانایی خۆیان پیشان ئەدەن وەم کاریان ئەوت **قیروقاچ**.

وەختێک بووکیان ئەهاورد، شوانەکان مەڕێک باشیان تەڵ ئەکرد و ئەیان هاوردە نێو ڕێگەیی بووک، پاڵیان ئەخست وایان پیشان ئەدا سەری ئەبڕین، برازاوا پۆڵیان ئەدا شوانەکە مەڕەکەی ئازاد ئەکرد. ئەگەر لە ناو ئاواییەو عبوریان کردایت ژنان بە نوقڵ و شیرینی و ئاو کە هێمایی ڕووناکیە پێشوازیان لە بووک ئەکرد. کاتێک بووک نزیک دێ زاوا ئەبووەو، زاوا بە دزیەو ئەهات لە دوورەو سێف بدا لە بووک، برازاوا خۆیان بە پارێزەر بووک ئەزانی ،نەیان ئەهێڵا زاوا ئەو کارەبکا، بەدوایا هەڵ ئەهاتن زاوا دەرئەچوو،بیان گرتایێت لیان ئەدا. ئەی ویست ئازایەتی خۆی بنوێنی بەڵام برازاوا ئەم کارەیان بە باش نازانی و بەر هەڵەستی ئەوێستان .

بووک ئەهاتە بەرەو، کورسیان دائەنا تا بووک لەسەر ئەسپەکە دابەزێ ،دوایی دابەزیان بووک، زۆر جار بابی زاوامەڕیکی پاڵ ئەخست سەری ببڕێت، لە ژێر پای بووکا


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هێلکەیان دا ئەنیا تاکۆ پایی پیانێت ئەڵێن بو ئەوەیە چاوی پیس لیان کار نەکات لە لایێکی دیکەیشەوە ئەیژن یانی ناوێت لەمەرگ غافڵ ببیت چون باوەڕ وایە مروڤ کاتێک دێتە دونیا ئەمرێت، قانگیان ئەسوتان" چون پیان وابوو دووکەڵی ئاگر و قانگ ڕۆحە پیسەکان لە ناو کۆمەڵگادوور ئەکەنەو، ئەم داب و نەریتە لە ئاینی جاوگیرەکان قەرز کراوە"( سیفی ،2018: 20). زاوا ئەچوە سەربان سێوی ئەخست بوو سەر بووک کە هێزی خۆی بنوێنی، فارس وتەنی گەرەکی بوو: گربە را دم حجلە باید کشت، بووک سامی لێ ببا ... سێو هێمایی بەختەوەرییە، گەنجان ئەیان گرتەو و لە بەین خۆیانا بەشیان ئەکرد.

دوایی ئەمانە زاوا ئەهات باڵ بووکی ئەگرت و کچان لەبەر دەم بووک و زاوا بە دوو دەسماڵەوە هەڵ ئەپەڕیان وەم کاریانە ئەوت **دوو دەسماڵە**.

گۆرانی بێژ لەبەردەمیانا گۆرانی تایبەتی بووک و زاوایی ئەوت:

و داوایی پۆڵی لە زاوا ئەکرد، زاوایش پۆڵی پێ ئەدا.

بووکیان ئەبردە ماڵەو یان لەسەر کورسی دایان ئەنیا، تماشایی هەڵپەڕکێ ئەکرد، خەڵک شاواش یان شاباش بووک و زاوایان ئەکرد، و گۆرانی بێژ بە گۆرانییەو داوەت بووک و زاوایی ئەکرد بوو هەڵپەڕکێ ،ئەوانیش ئەهاتن بوو نێوی کۆڕەکە، خەڵک شاباشیان ئەکرد و کەم کەم بووک و زاوایان بەرەو سەرچۆپی هان ئەدا، بووک سەرچۆپی ئەگرت و بە شێوەیێکی ئارام و سەنگین هەڵئەپەڕیا، برازاوا پۆیلەیان ئەکرد و دەرزی سنجاق پۆڵەکیان ئەدا لەدەور سەری. برازاوا و خەڵک دوایی چایی خواردن بڵاوە ئەکەن، بووک ئەوبرێتە ماڵەو، کچانی مێر منداڵ پێڵاوەکانی دەر دێنن ،پارەیی ناو کەشەکە ئەبەن بۆ خۆیان، بۆیە پۆڵ ئەدەن بەڵکو نەمەک گیریان کەن کەس پێڵاوی بووک تا حەفتەیێک نابێ بکاتە پا چۆنکۆ پیان وایە مناڵیان ناوێ. بووک نیشتەجێ بوو کوڕەکورپەیێکیان ئەنیا باوشی بەڵکوو مناڵ هەوەڵی کوڕ بێت، ئەویش شتێکی وەک دیاری ئەدا بە کۆرپەکە.

**شاڵ کردنەوە:**

دوایی دەوری خەڵوەت ئەکەن و زاوا ئەنێرن بوو لایی بووک شاڵی بکاتەو، هۆکاری شاڵ کردنەوە ئەوەیە تا ئەگەر زاواو بووک یەکیان نەدیبێ ترسێان لە یەک بشکێت- پێشتر وتمان زۆر جار کوڕ و کچ یەکیان تا شەو زوماوەن نادی- دوای شاڵ کردنەوە زاوا دێتە دەرەوە، نەباتی نێوشاڵ ئەداتە کچ و کوڕان

**زاوا بوون:**

بنەماڵەیی زاوا کچان و ژنانی دەراوسیان بوو شێو داوەت ئەکرد تا لەگەڵ بووکا شام بخۆن. زاوا شامێک سووک ئەخوا بووکیش هەروا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کچـــان و ژنـــان هاوســێ بـــڵاوە ئەکەن، ژنە بەســـاڵاچووەکانی خـــزم لەگەڵ دووپاخەسوەکە ئەمێننەوە، پاخەسوەکان ئەڕۆنە ناو دیوێک دەلاقەو پەردەو ئەپشکنن کەس نەتوانی تماشایی ناو دێوەکە بکا یان کەس خۆی تیا نەشاردبێتەو، کاتی دڵنیا بـوون دۆشەکەی بووک ڕا ئەخەن و پارچەیکی سپی کەپێ ئەڵێن **دەسماڵ** پیا ئەدورنن، خۆیان دێنەدەرەو زاوا ئەنێرن بوو پەردە، پەردە مەنزوور ئەو دیوەیە کە بووکی لێە ،مەبەست لەم وشە ئەوەیە کە بـووک کـچە و لەم دیوە زاوابە لابردنـی پەردەی کچـانەیی ئەی کـا بە ژن، لە تەفسیری جلالین لە بارەی ئایەتی 55 سورەی یاسین بیروڕایان وایە " فی شغل فاکهون" هەر ئەو افتضاض الابکارە یە( محلی و سیوطی، بێ تا: 584) بۆیە لە کۆمەڵگا ئەونە بایەخی پێ دراوە.

بەر لە پەردەچوون زاوا ئەبێ یەکێک لە کوڕان کە زۆر خۆشەویستیە بە زامـن دا بنێ کە زوو زاوا بێ ئەگەر درەنگ بێتە دەرەوە زامنەکەی لە لایەن پیاوانی ترەو ئەشکەنجە ئەکرێ، بە جۆرێ لێ ئەدەن کە زاوا بیبیسی و بو زاوا بوون پەلە کات. پێش تر بە زاوایان وتـوە کە چویتە پەردە نـاو چـاوی خـۆت گـرژ کە بـا بـووک لە ژیانیـا لێت بترسـیت، بە بووکیشیان وتوە زوو لەبەر زاوا هەڵ سە تاکو سامی زاوانەکەوێتە ملتا.

دوای زاوا بـون بـووک نـابێ خـۆی پۆشـتە بکـاتەو تـا ژنـان و پاخەسـوەکان دێـن و ڕووسوری کچ بە سوور کردن دەسماڵەکە ئەبینن، لە خۆشیان ناو چاوی ماچ ئەکەن، پۆڵ و پارە ئەخەنە سەر دەسماڵ بوو پاخەسوی بووک ،جا ئیزنی بووک ئەدەن لیباس لەبەرکات، زاوا ئەنێـرن دەس بـابی مـاچ کـات. پاخەسـوی بـووک لە گەڵ پاخەسـووی زاوا و پیـاو پاخەسـوا دەسماڵ ئەوەنەو بوو ماڵی بووک و ماڵ ئاوایی یان لێ ئەکەن کە کچەکەتان ڕووسوورتانی کردوە. دایکی کچ ژنانی دەراوسێ بانگ ئەکات و ڕووسووری کچەکەی خۆی پیشان ئەدا. پـاکی کـچ زۆر گـرنگە لە ئامرێکـا هەمـو سـاڵی داب و نەریتـی هەڵپەرینـی پـاک، رقص پاکpurity ball بەڕێوە ئەچێ کچان لەم ڕێوڕەسمە بەڵێن ئەدەن تـا بەر لە زەماوەن بەکچی بمێننەوە و خۆڕاگر بن( کریستوفر،وەرگێر مهدیان ،1391: 10)

بەڵام ئەگەر زاوا نەیتوانیایت زاوا ببێ، ئەیان نارد لە حەوزی سارد مەلەکات، ئەگەر دیســان زاوا نەبوایــت کراســی بووکیــان لەبەری ئەکــرد ،یــان ئەیــان وت لە کـــاتی مارەکردناجادویان کردوەوە بەستیانە،پەنایان ئەبردە دوعاو نووشتە، زۆر جار پاخەسوو چەن ڕۆژ لەماڵ زاوا دا ئەنیشت تا کوڕ زاوا ئەبوو، زۆر جار پێش هاتوە کچە بە کچی گەڕاوەتەو بو ماڵی بابی، ئەمانە گرێ دراوەبە عیلمی دەروونناسیەو.

بەڵام ئەگەر زاوا زاوا بوایـت و دەسـماڵەکە سـوور نەبوایـت، کێشـەیی زۆر دروسـت ئەبوو،وەکو ئەمڕو پزشک نەبوو تا کو بی پشکنێ شایەت ئەو کچە بێ تاوان بێ ،بووکیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئازار ئەدا، بنەماڵەی بووک سەرشۆڕ ئەبوون، سەر بووکیان ئەتاشی و سوار کەریان ئەکرد و ناو دێ ئەیان گەڕان تا کۆ ببێتە عبرەت و پەن، دوایی تانەیان لێ ئەدا ئەیان وت ئەی و پەن بووە، دوعای شەڕ ژنان بو کچان ئەوە بوو یاخوا ببی و پەن.

چۆن پیان وابوو ئەم کچە گوناح کارە و گوناح کاران لە هەر کۆی بن خوا غەزەب ئەگرێ لەو جێگە تا چەن ساڵ حاسڵیان نابێ، بوو قەرەبوو کردنەوە ئەم کچەیان ئەشکەنجە ئەکردتا کو رۆحی پیس لەوا دەرچێت و بەم ئەزیەت و ئازارە پاکەو ببێتەو.

بەڵام زۆر کەسیش بوون ئەمەیان ئەشاردەو، گۆێ گۆێدرێژیان چاک ئەدا خوێنەکەیان ئەکردە بان دەسماڵەکە، بووکێک خۆی بیزانی بایت کچێنی نەماوە کەڵەکێکی وەکار ئەبرد تا کۆ دەسماڵی سوورکات، دەرزی لەم بابەتەوە کەڵکی لێ وەر ئەگیرا...

زۆرجار بووک راسیەکەی بە زاوا ئەوت ئەویش وەکو سرێک ئەیشاردەوە، فریدالدین عطار نیشابوری لە الهی نامە ئەی گێڕێتەوە کابرایێک ژنی هێنا بووکە کە رووسوور دەر نەچوو پێ وت: بێ ئیمانم گەر ئابڕووت ببەم ئەم سرەت نەشارمەوە، من سرت ئەپۆشم تا خوایش سرِ من بپۆشێ چون کو خۆیشم عەیبم لە دینا زۆرە.

| | |
|---|---|
| *بدو گفتا که من ایمان ندارم* | *گر این سر تو را پنهان ندارم* |
| *بپوشم تا بپوشد کردگارم* | *که من پیش از تو در دین عیب دارم* |

(عطار ،1394: 154)

بەڵام ئەگەر ژن بەژن بێت شایی هەرکامیان لە ماڵ خۆیانابەڕیو ئەچوو لیباس و ناوجیازی و شت هاێک تریان تاڕادەێک وەکو یەک بوو، رۆژی بووک گواستنەوە جێگەیکیان دیاری ئەکرد، هەردوو بنەماڵەکە لەوێ ئامادە ئەبوون، پاخەسوەکان هەردو لا بە بووکەکانیان ئەوت دەرزی یەقەکانتان بەنە یەک تر، بە دەرزی ئاسن رۆحی پیسی جنیان لە یەک دوور ئەکردوە، ژنان پیان وایە ژن لە دەرزی و سنجاق کە لە ئاسنە ئەترسێ و نزیک کەسێ کە دەرزی پێیە ناکەوێ. دوایی بنەماڵەی زاواکان هەر کامیان بووک خۆیان ئەهاوردەو بوو ماڵ.

**بڵاو کردنەوەیی ناو جیازی:**

دوای ئەوە کە پاخەسو چوەو بوو ماڵ بووک ، بووک یەغان و چەمەدان خۆی ئەکاتەو و دیاریەکان خۆی ئەداتە خزمەکان ماڵ خەزورەی، بەر لاوە دیاری خەزورە، خەسوو، براکان زاوا، خۆیشکەکان زاوائەدات، دوایش دیاری ئەو خزمانەی زاوا وا لە کاتی دەزوران داریا چونە بوو ماڵی بووک، دیاریان بووی بردوە، دیاری برازاوایش ئەنێرێ بویان، زۆربەی دیاریەکان گۆرەوی، دەس کێش، بەنەخۆینە، بەنەخوێن یان بەندۆخێن بە دوو رەنگی سوور و شین، سوور بوو گەنجەکان و شین بوو بە ساڵاچوان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**دزەباوانی:**

ئەگەر مـاڵ بـووک لەو ئـاوایی زاوا بوایـت، بەر لەوە مـاڵ بـووک بهاتـاین بـوو سەرکەشی، بووک لەگەڵ زاوا ئەچوانەو بوو ماڵ باوک بووک بو شێو خواردن، دوایی شێو بووک بێ ئەوەی کەسێک بزانێت شتێکی لە ماڵ باوکەو ئەهاورد بوو ئەوەی بیسەلێمنێت هێشتا وە ماڵ باوک دڵخۆشە و شتی ماڵ بابی بوو نێو ماڵە نۆییەکەی پڕ پیتە، بەمەیانە ئەوت دزەباوانی.

**سەرکەشی:**

دوایی ماوەێک ماڵی بابی بووک لەگەڵ خزمانی ئەهاتن بوو ماڵی زاوا ،لەگەڵ خویانا کەل و پەلیان ئەهێنابوو بووک، ئەم کەل و پەلە جیا لەوە بوو کە ڕۆژی زەماوەن بووک ئەی هێنا، ئەگەر نزیک بوایتن بوو شێو ئەهاتن و ئەگەر دوور بوایتن بوو نەهار ئەهاتن، بووک بە دیتن بنەماڵەی شاد ئەبووەو، بنەماڵەیش هەروا.

**باوەخوەنی:**

دوایی ماوەێک بابی بووک یان برایی ئەهاتن بوو ماڵی بووک و ئیزنیان لە بابی زاوا یان زاوا ئەگرت و بووکیان ئەبردەو بوو ماڵی باوانی، ماوەێک ئەماوە بابی زاوا یان زاوا ئەڕۆیشتن بەدوایی بووکا، ئەویش لەگەڵیان ئەهاتەو بوو ماڵی زاوا، بنەماڵەی بووک مانگاێک یان مەڕێک یان شتێکی بەنرخیان ئەدا بووک. بەم شتەو شتانێکی تر کە بووک لە ماڵی بابیەو ئەی هێنا پیان ئەوت باوانی .

**شەرم شکانن:**

ئەگەرچی ئەمە بابەتە پێوەندی بە زەماوەندەو نییە بەڵام پێویستە شروڤە بکرێ، بووک لە خەزورەی یان خەسووی یان پیاوانی گەورەیی تایفەی خەزورەی شەرم ئەکات یانی لای ئەوان قسە ناکات، نان ناخوات ،... وە ئیماو ئیشارە ئەوەی لە دڵیا بێ ئەی ڵێت... جا زۆربەیان بە بووکەکیان ئەڵین شەرمەکەت بشکنە مانگاێک یان شتێک بە نرخت پێ ئەدەین ئەویش بە دەنگێکی بەرز سڵام ئەکات وە ئەوانیش بە پەیمانەکەی خۆیان عەمەل ئەکەن.

**دەرەنجام:**

ڕەسم و یاسا لە مێژووی کوردەواریدا سەرچاوەیەکی زانستی هەبووە کە بنچینەکەی پڕە لە ئەزموون. هاوسەرگیری یەکێک بووە لە گرنگترین بابەتەکانی ژیان و بایەخێکی زۆری پێدراوە کە پیشاندەری بیر و هزری بیرمەندان و زانایانی کۆنی ئەم گەلەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یاساکانی کۆن ئەمرۆش لە ناو خەڵکدا هەر بەردەوامن بەڵام شێوە و سیمایان گۆڕاوە.کەلەپووری کورد زۆر ڕەسەنە و توانای بەرانبەری لە گەڵ کولتووری گەلانیتری هەیە.

پیاوانی کورد جوامێر بوونە و ڕێزێکی تایبەتیان بۆ کچ و ژن داناوە و وەکوو گەوهەرێکی بەنرخ پاراستوویانە و ڕێزیان بۆ داناوە. ژنانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوسەرگیریدا ئازاد بوونە و ئەگەر حەزیان لە کەسێک بکردایە بە شێوەگەلی جۆربەجۆر پێیان ڕادەگەیاند ئەڵبەت بۆ برێک لەمان نەدەلوا و چارەنووسیان دەگۆڕا. حاشا هەڵ نەگرە کە هەروا زۆر جار کچ مافی لە هاوسەرگیری پێ شێل ئەکرا کوڕیش لەم کارەساتە بێ بەش نەبوو باب دایکی کچیان بووی پەسەند ئەکرد بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ کچ بەش خۆراوتربوو.

دڵداری ئازادی هەڵبژاردنێک بوو کە کچان بە سەر بەخۆیێکی تەواو لەم کارا بەشدار ئەبوون، ئەزموونێکی تایبەت بوو ئەگەر کوڕ ئەوە نەبوایت کە ئەوان ئەیان ویست بە جێیان ئەهێڵا، زۆر ژیرانە کوڕیان هەڵئەسەنگان کە بوو هاسەرایەتییە یان بە وتەی خۆیان بوو دەس گەرمەوکردنە، کوڕانیش هەر بەو شێوازە کچیان هەڵەسەنگان.

خوازبێنی بەماڵ هێمای ئەوەیە کە کچ بە پێچەوانەیی باوەڕ باوەکان قیمەت و نرخی نییە، ئەگەر کوڕ خوازیاری ئەوەیە کچ ببێتە هاوژینی پێویستە ژیانی پڕ لە خۆشی بوو تەیار کات.

خوازبێنی ژن بە ژن یانێ ژن قیمەتی بوو دابین ناکرێ بێجگە لە خۆی نەبێ، هەرچەن حاشا لە وەناکرێ کە زۆرجار ئەم بابەتە مافی هەلبژاردنی ژنی پێشێل ئەکرد و کچێکی زۆرجوانیان بوو پیاوێکی بەساڵاچووا مارەئەکرد یان زۆر کەم پێش ئەهات کە چوار دڵ یەک کەون. ئەمە ئەبووە گرێ و وکوو موو و دومەڵ دوایی لە نێو ژیانا سەری هەڵ ئەداکە لە ڕوانگەی دەروونناسیەو جێ سەرنجە.

هەڵگرتن و بە رادوو کەوتن ئەوەمان پێ ئەڵێ کە کچ سەربەخۆومو زۆر قەبووڵ ناکات.

قەتع و بڕ و شیروایی مێژۆیی کۆنی هەیە، ئەمەش بایەخداری ژن لە کۆمەڵگا بانگەواز ئەکا بەڵام ئەمەش لە کۆمەڵگا خەساری زۆری بەدواوە بوو، ئازادی هەڵبژاردنی کچی لەبەرچاو ناکردکە لە ڕوانگەیی کۆمەڵناسییەو جێ باسە.

لە دیاری کردنا کچ بانەسەری چەن جار ڕەت ئەکاتەوە، لەم ڕەت کردنەوەیە ئەڵی نابمە کۆیلە، نابمە ژێر دەسە یان بە وتەی ژنان شەرمی هەیەببێتە بووک یان هێمایکە بەم کوڕە ناڕازیە، زۆربەی کچان لە دڵەوە ئەم کارە ناکەن شک ئەچێ پیان بڵێن وابکەن با نەیاران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نەڵێن زۆر بە پەلەیە بوو شوکردن، گشت ئەمانە لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسیەو جێ لێکۆڵینەوەیە.

شیرینی خۆران بانگەوازی هاسەرگیری کوڕ و کچە، با کۆمەڵگا بزانن ئەمانە ئەبنە هاوژین، شایی و هەڵپەڕکی هاوتەمەنی کوردە لە هاوسەرگیری، سەر چۆپی کێش سەرگەورەیی رائەگەینی کە وەکو رابەرێک شایی بەڕێوە ئەبا، گاوانی یانی دواترین کەس لە ناو هەڵپەڕکێ خۆی بە پاسەوانی شایی ئەزانی.

پای زاوا کردنەوە ئەوە باس ئەکا کە کچی کورد بۆ خۆی بایەخ دائەنی یانی کوڕ بە هاسانی بەدەسی نایێنێ.

مارەبڕین پێوەندی فەرمی و ئایینە کە لە هەموو کولتورەکانا هەیە کە باسی لێرە ناکری.

لە زەماوەندا پێوەندییەکان بتەو ئەبنەو، دڵەکان نزیک ئەکرێنەو، پیاوەتییەکان دەر ئەکەون.

قیروقاچ برازاوا، هەڵپەڕکێان و پۆیلەکردنیان باس لە جوامێری، یەکیەتی و سەخاوەت و لێبۆردویی ئەکات.

پاخەسوو وەکو شەهادەیێکی تایبەتە بوو پاک داوێنی کچ، زاوا بوون و پەردەچوون جیا لە داب و نەریتی کۆن لە بواری عیلمی پزیشکیەو سەرەنج ڕاکێشە.

سەرکێشی، دزەباوانی و باوەخوەنی پێوەندی کچ بنەماڵەکی بتەو ئەکاتەو، جیا لە مانە لە ڕوانگەی پزیشکییەو باوەخوەنی شایانی سەرنجە.

لەم وتارە وشەی هەنەزا لە جێگەی هووزا لە بواری دەروونناسیەو جێ باسە، وشەکانی هەڵگرتن، ڕادوو، چەقین، کەرانە، سەروەسانە، دریاهوڕانە، پشت دریانە و ... باس لە دەوڵەمەنی زمانی کوردی ئەکەن کە لە ڕوانگەی مەنتیق و وێژەوەسەرنج ڕاکێشن.

پێشنیار ئەوەیە کە بەرەی داهاتوو لەسەر ئەم بابەتانە لێکۆڵینەوی زانستی بکەن و ئەم داب و نەریتانە بە چروپری بخەنە بەرچاو، ئەوەی بایەخێ هەبێ لێ بدون و ئەوەیش بێ نرخە بە لێکولینەوەی زانستی بێ نرخیەکەی دیاری کەن،وەلایەو نێن و جێگیری بوو پەیداکەن.

نووسەری ئەم وتارە ڕەنگە زۆر شتی بەرچاو نەکەوتبێ یان زۆر شتی نەبیستبێ، خوازیاری ئەوەیە لێکۆڵینەوەرانی پسپوڕ کەم و کورتیەکانی قەرەبوو کەنەوە تا کولتوری کوردی لەناو نەچێت و بە جوانی بپارێزرێت.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**سەرچاوەکان:**


**قورئانی پیرۆز.**

بنی ویس، عبدالمحسن،(1988)،گەردانەی ئەڵوەن، کۆماری عێراق ،دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی.

بێڵوویی ناری، مەلا کاکە حەمە،(1984)، دیانی ناری، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، نەورەس.

پارسا، سیداحمد،(1394)، بررسی تطبیقی ضرب المثل های کردی و فارسی، سنندج، دانشگاه کردستان، دوم.

پورداوود، ابراهیم، (1387)، خرده اوستا، تهران، دنیای کتاب، سوم.

حافزی، مەلا غەفوور، (1362)، دیاری مەهاباد، سیدیان.

حسینی، ژیلا، (1377)، قەڵای راز، تهران، بۆرەکەیی.

دامادی، سیدمحمد، (1379)، مضامین مشترک در ادب فارسی و عربی ،تهران.

رەسڵ، بیرتراند، (2021)،هاوسەرایەتی و ئەخلاق، وەرگێڕان دڵشاد خۆشناو و ئاسو ئیسلامپەنا، تاران، ئەندیشە، دووەم.

سعدی شیرازی، شیخ مصلح الدین، (1374)، گلستان سعدی، مصحح غلامحسین یوسفی، تهران، خوارزمی، چهارم.

سەجادی، عەلائەدین، (1375)، مێژووی راپەڕینی کورد، سەقز، محەمەدی ،دووهەم.

ـــــــــــــ، (1395)، مێژووی ئەدەبی کورد، سنە، کردستان ،دووەم.

سیفی،س، (2018)، آیین های روسپیگری و روسپیگری آیینی، لندن، نشر مهری.

شرفکندی، عبدالرحمان(هەژار)،(1997)، چێشتی مجێور، پاریس.

شوالیه، ژان و گربران، آن، (1387)، فرهنگ نمادها جلد،1،3،5، وەرگێڕسودابه فضایلی، تهران ،جیحون.

شیخ الاسلامی، امین(هێمن)،( بێ تا)، تاریک و روون، مەهاباد، سیدیان.

طوسی، نصیرالدین، (1399)، اخلاق ناصری، مصححان مجتبی مینوی و علیرضا حیدری، تهران، هشتم.

عبدالعزیزهەرتەلی، عبدالله، (1397)، مێرگ و گوڵزاری بەهار بو گەشتیارانی ژیانی پێغەمبەری رێزدار، سنە ،کردستان.

عطارنیشابوری، شیخ فریدالدین، (1394)، الهی نامه، تهران، آبی آسمان.

فیدایی، مەلاکەریم، (1380)، لاس و خەزاڵ، مەهاباد، رهرو.

قازی، محەمەد، (2007)، زارا و عەشقی شوان، وەرگێڕ عەزیز گەردی ،مەحوی.

کریستوفر، ریان و ساسیلدا، جفا(1391). سرشت جنسی انسان،وەرگێر مهبد مهدیان، اینترنتی

محلی، جلال الدین و سیوطی، جلال ا لدین،(بێ تا)، تفسیر جلالین، قاهره ،دارالحدیث،طابعه الاولی.

سەرچاوەی وتاری

غلامرضایی کهن، فاطمه و سعیدی، سهراب، (1397)، بررسی باورهای عامیانه در آیین ازدواج هرمزگان، فصل نامه اورمزد، شماره ی43 شمارەی دوم تابستان1397.

مقالات و وتارەکانی حەبیب الله سەلیمی، لە گۆڤارو کۆنفرانسەکانا
دوکتورایی زمان و ادبیاتی فارسی لە زانکۆی کوردستان

١- تۆێژینەوەیەک لە سەر چەند پیت، وشە، و ڕستە لە شێوەزاری دیواندەرەییدا. دووهەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی تۆێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی، زانکۆی کوردستان١٣٩٨
٢- تشبیه‌های تلمیحی در سروده‌های شفیعی کدکنی(م.سرشک) دو فصلنامه علمی، زبان و ادبیات فارسی دانشگاه خوارزمی، سال بیست و هفتم، شماره ٨٧، پاییز و زمستان١٣٩٨
٣- بررسی تطبیقی فرهنگ و زبان مادری در شرفنامه نظامی گنجه‌ای. دو فضلنامه ادب نامه تطبیقی، دانشگاه پیام نور، سال دوم شماره اول، پاییز و زمستان١٣٩٤
٤- تبیین نکته‌ای مبهم در بیتی از شرفنامه نظامی گنجه‌ای با تکیه بر شواهد زبان کردی. فضلنامه ادبیات و زبان های محلی ایران زمین، سال سوم، پاییز ١٣٩٢، شماره ١
٥- درباره مثل سیلی نقد به از حلوای نسیه. نامه فرهنگستان، دوره هشتم، شماره دوم، تابستان١٣٨٥
٦- نگاهی دیگربه رویت خدا در پنج گنج نظامی با تطبیق آن با اشاعره، کنگره بین المللی نظامی گنجه‌ای، تبریز اسفند ١٣٩٦
٧- واکاوی معنی الابل در آیه افلا ینظرون الی الابل کیف خلقت، تبریزم همایش ملی قران و عترت، آبان١٣٩٨
٨- سیداحمد زلکه و معاصران. کنگرەی بزرگداشت ماموستا سیداحمد حسینی زلکه‌ای، دیواندەرە، مرداد١٣٩٦
٩- هیبت و معاصران. مراسم بزرگداشت شاعر و عارف جلیل القدر سید محمدصادق حسینی، مدرس کرفتو، دیواندەرە، خرداد١٣٩٠

## مقاله«فرهنگ شادی و عروسی در تاریخ کرد»

**چکیده:**

شادی، عروسی و ازدواج جزو فرهنگ دیرینەی کورد است که عمری به درازای تاریخ این ملت دارد، رنگ و بوی آن منحصر به فرد است؛ سرشاری از علم، فلسفه، جامعه‌شناسی، روان‌شناسی و ادبیات آن را جذاب کرده است.

بررسی و شرح این گونه مسائل و شناساندن آن به آیندگان جزو ضروریات است زیرا نسل آینده باید تاریخ خود را بشناسد و بداند که اسلاف وی تاریخ و هویتی ارزشمند و


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

ویژه دارند و فرهنگ آنان سرشار از تجربه و علم است که در لایه های  پنهان آن مخفی است کلمه‌ها و جمله‌های آن سرشار از تجربه و علمی است که می تواند به علم، جامعه‌شناسی و ادبیات کمک شایانی کند و با پرتو خود ظلمات و مشکلات دنیای مدرن را  تا حدودی نمایان سازد و آنها را بشناساند.

در این مقاله سعی برآن است نکات مربوط به ازدواج و عروسی با تکیه بر فلسفه، ویژگی‌های تاریخی آن تا حدودی بررسی شود.

شیوه‌ی ازدواج و عروسی در فرهنگ کردی، ویژگی‌های خاص خود را داشته‌است- که مختص کردهاست و برخی از آنها در سایر زبا نها معادلی ندارد و حتی مناطق کرد نشین نیز با هم در بعضی از رسوم با هم تفاوت دارند- برخی از آنها عبارتند از: عشق و عاشقی، خواستگاری، زن به زن، نمک، خاک و آب در کفش ریختن، بله برون، شیربها، شیرینی خوران، پاگشایی داماد، عقد، ینگه، حنابندان، شب زفاف و ...

این تحقیق به شیوه‌ی کتابخانه‌ایی، تحلیل محتوا و میدانی انجام شده است و نتایج آن به شرح زیر است.

الف. رسم ازدواج در تاریخ کرد منبعی علمی داشته است که سرشار از تجربه است.

ب. ازدواج یک از مهمترین مسائل زندگی بوده است که اهمیتی فراوان برای آن قائل شده‌اند و نشانگر اندیشمندی فرزانگان این ملت است.

پ. آداب و رسوم قدیم، امروزه هم در میان مردم رایج هستند فقط سیمایشان دگرگون شده است.

ت. فرهنگ کرد بسیار اصیل است و با فرهنگ های سایر ملل برابری می کند.

ث. مردان کرد جوانمرد بوده‌اند، برای دختران و زنان احترام ویژه‌ای قائل بوده‌اند و مانند گوهری نایاب از آن محافظت کرده‌اند؛ زنان کرد هم تا حدودی در انتخاب همسر آزادی داشته‌اند، اگر خواستگاری را نپسندیده باشند به شیوه های مختلف آن را بیان کرده‌اند هرچند برای برخی از آنان چنین چیزی ممکن نبوده است.

**کلمات کلیدی:** *کرد، عروسی، ازدواج، رسوم* .

## ”Paper “Happiness and Wedding Culture in Kurdish History


**Abstract:**

Happiness and marriage are a part of the ancient Kurdish culture with a long history in this nation and its atmosphere is unique. Itis being full of science, philosophy, sociology, psychology and literature has made it attractive.

It is necessary to examine and explain such issues and introduce them to the future, as the next generation must know its history and know that its ancestors have a valuable and special history and identity, and their culture is full of experience and science that is hidden in its layers. Its words and sentences are full of experience and science that can contribute to science, sociology and literature, and show and recognize the darkness and problems of the modern world to some extent with its light.

The paper is an attempt to examine the points associated with marriage and wedding based on its philosophy and historical features to some extent.

The way of marriage in Kurdish culture has its own rituals - specific to the Kurds and some of them have no equivalent in other languages, and even the Kurdish regions differ in some traditions - some of them are love and romance, courtship, woman to woman, pouring salt, pouring dirt and water in shoes, courting, bride price, eating confectioners, groom's home warming, engagement, Yengeh, Hanabandan (Bachelorette party), wedding night and so on.

This study was conducted using library, descriptive and field methods and the results are as follows.

A. The practice of marriage in Kurdish history has a scientific source that is full of experience.

B. Marriage has been one of the critical issues in life, given great significance displaying the thinking of the sages of this nation.

C. The old customs are still common among the people today, only their appearance has changed.

D. Kurdish culture is very original and equal to the cultures of other nations.

E. Kurdish men are gentle, giving special respect for girls and women, protecting them like a rare gem. Kurdish women have had some freedom in choosing a husband, if they did not like the proposal, they have expressed variously, although for some of them this was impossible.



**Keywords:** *Kurdish, wedding, marriage, customs.*